YEKBUN
# یەکگبوون
UNITED کوردستان KURDISTAN
کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

بەفرانباری ٢٧١٣ | گۆڤاری یەکبوون ژمارە : ٤٥ | December 2013




## ساڵی ٢٠١٤ی زایینی تان پیرۆز بێ

گۆڤاری یەکبوون

## لەم ژمارەیە دا :

* ئاڵای کوردستان ڕەمزی هەرمانی نەتەوەی کوردە ......... ئاریتما موحەممەدی ............. لاپەرەی ٢
* کوردستان و بە دوڵەت بوون لە سەردەمی نوێ ......... محەمەد وەلەدبەگی ............. لاپەرەی ٤
* ئەی رەقیب و ئیمان .................................... عەبدولڕەحمان سدیق .......... لاپەرەی ١٠
* ماندێلا سومبولی مرۆڤایەتی ......................... لاوک ئەمجەد .................. لاپەرەی ١٦

و چەندین بابەتی دیکە ...

# ئاڵای کوردستان ڕەمزی هەرمانی نەتەوەی کوردە

لە نووسینی؛ ئاریتما موحەممەدی

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ٢٦٤٥ی کوردی ئاڵای کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستانەوە هەڵکرا، ئەمڕۆ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی فەرمی ئاڵای کوردستانە لە هەرێمی باشووری کوردستان و هاوکات ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەو مەبەستەش لەلایەن خۆمەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مەزنە لە هەموو گەلی کورد، بەتایبەتی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم!.



ئاڵا ڕەمزێکی مەزن و بنەڕەتی هەر نەتەوە و خەڵک و کۆمەڵگایەکە، نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکە ئەو مافەی هەیە کە ئاڵای تایبەت بەخۆی هەبێت، و لە بۆنە تایبەتییەکانیدا وەک هێمای نەتەوەیی و هەرمانی کورد کەڵکی لێوەر بگرێت، ئاڵا لەلایەن حوکوومەت، دەسەڵاتی وڵاتەوە یان خود لەلایەن پارت و ڕێکخراوگەلێکی تایبەتەوە وەک هێما و ڕەمزی نەتەوەیی دیاری دەکرێ و پێناسەی دەکەن و هەڵ دەکرێت. تا ئەوەندەی کە من ئاگادار بم تاکوو ئێستا لە هیچ قوژبنێکی جیهان ئاڵا لەلایەن گەلەوە دەنگی پێنەدراوە و دیاری نەکراوە، بەڵکوو لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن پارلەمانی وڵاتەوە سەرپەرەشتی کراوە، بۆ پێشنیار کردنی چەند ڕەمز و ئاڵا، دواتر پارلەمانی وڵات دەنگی لەسەر داوە و زۆر جاریش پێش ئەوە کە ئاڵا لەلایەن پارلەمانەوە دیاری بکرێ و لیژنەی تایبەتی بۆ ڕێکبخرێ، وەک هێما و سیمبوولی نەتەوەیی لەناو گەلدا جێکەوتووە، ئاڵای چوار ڕەنگی کوردستان، سوور، سپی، زەرد و سەوز لەو ئاڵانەیە کە پێش درووست بوونی حوکوومەت و پارلەمانی کوردستان، بەپێی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردستان و بەپێی ئەو بارودۆخە کە شۆڕشەکانی کورد و ڕاپەڕینەکانی ئەم نەتەوەیە تێپەڕیان کردووە، پێک هاتووە و وەک هێمای مەزنی کوردستان گەشاوەتەوە، هاوکات دووژمنانی کوردستان ئەو ئاڵایە بە ڕەمزی نەتەوە کورد پێناسە دەکەن و وەک هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسیی و لەت لەت بوونی وڵاتەکەیان پێناسەیان کردووە. وڵاتێک کە لە داگیر کردنی خاکی نەتەوەی کورد پێکهاتووە.

## مێژووی ئاڵا؛

مێژووی درووست بوونی ئاڵا بۆ دەیان هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و کاتێک کە مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ ناساندی دۆست و دووژمنی خۆیان لە پێستی حەویوان کەڵکیان وەر گرتووە و وەک ڕەمز و ڕەنگ و هێمای خۆیان پێناسەیان کردووە. لە مێژووی میسر،ی کۆندا هاتووە کە ئەوان لە دارێکی درێژ کە پەیکەرێکی ئاسنینی بەسەرەوە بەسترابووە، وەک هێما و ڕەمزی نەتەوەیی خۆیان کەڵکیان لێوەر گرتووە و پێناسەیان کردووە. بەڵام ئەگەر باس لە مێژووی ئاڵا لە پەڕۆ یان پارچە بکەین، ئەوا دەبێ بڵەیین کە چینی،یەکان و هیندی،یەکان یەکەمین خەڵک بوونە کە ئاڵایان لە پەڕۆ و پارچە ساز کردووە. لە یەکێ لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە کە ١١٠٠- ١٢٠٠ ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح، چینی،یەکان لە ئاڵای پەڕۆ و پارچە کەڵکیان وەر گرتووە. دواتر یوونان،ییەکان و ڕوومییەکان ئاڵای پەڕۆ و پارچەیان بەکار بردووە، بەتایبەت لە کاتی ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتیدا وەک هێمای سەرکەوتن بەکاریان هێناوە.

## مێژووی ئاڵا لە کوردستان؛

ئەگەر باس لە مێژووی ئاڵا لە کوردستان و زاگرۆس بکەین، ئەوا بوونی ئاڵا بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئاگر وەک ڕەمزی سەرکەوتن و خۆشی و شادی لە کوردستان کەڵکی لێوەر گیراوە، بۆ نموونە لە جێژنی ماد،ەکان و سوومێری،یەکان ئاگر ڕەمزی سەرکەوتن و خۆشی و شادی بووە. هەروەها لەکاتی ڕووداوێکی ناخۆش یا خود لە بەرامبەر هێرشی دەرەکی بۆ ئاگادار کردنەوەی هەموو سپا و حوکوومەت و ناردنی پەیام بۆ ناوچەکانی دیکە لە کردنەوەی ئاگر کەڵکیان وەرگرتووە. دواتر ئاگر و خۆر

وەک هێما و سیمبوولی نەتەوەیی مادەکان و زەردەشتییەکان جێکەوتووە و هەردەم لە بۆنە ئایینی و تایبەتییەکانیاندا وەک بەشێکی گرینگ و پڕ بایخی کولتووریان پێناسە کراوە. ئەو بەشە لە کولتووری مادەکان لە پاش تێپەڕبوونی سەدان قۆناغی گرینگ و پڕ بایخ لە جیهان و ناوچەکە، ئیستاش لە کوردستان ماوە و لە جێژنی نەورۆز لە ئاگر وەک ڕەمزی نەتەوەیی و مێژوویی کەڵک وەردەگرن و هەمیشە لە بۆنە خۆشی و شادییەکان بەشێکی دیاری ئەو ڕێوڕەسمانەی پێکهێناوە. مێژووی ئاڵا لە ئەورووپا زۆر دوورودرێژ نییە، کۆنترین ئاڵا لە ئەورووپا ئاڵای وڵاتی دانمارک بووە کە مێژووەکەی بۆ ٧٩٤ ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە. ئەو ئاڵایە پارچەیەکی سوور بووە کە هێمای لە خاچدانی مەسیحی لەسەر بووە.

## گرینگی و بایخی ئاڵا؛

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هەر بنەماڵەیەکی دەولەمەند یا ئاغا و فیۆدال، یان خود هەر کاروانێکی بازرگانی ئاڵای تایبەت بەخۆی هەبووە و هەمیشە لە کاتی سەفەر بۆ ناسینەوەی ئەو کاروانە کە هی چی وڵات و ناوچەیەکە و لە کوێوە هاتووە، ئاڵایان بەکار هێناوە و کەڵکیان لە ئاڵا وەرگرتووە. ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئاڵا ڕەمزی هەرمانی هەر نەتەوە و وڵاتێکە، بوونی ئاڵا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە و بۆ ئەوە کە نەتەوەیەک کیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، دەبێت پێش ڕاگەیاندنی ئەو کیانە سەربەخۆیە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی هەبێت، یان خود کارئاسانی کردبێت بۆ یەکخستنی گوتاری هاوبەش بەمەبەستی وەگەڕ خستن و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو قۆناغانەی بڕیبێت و کۆمەڵێک ڕێکاری نوێی خستبێتە گەڕ بۆ ئەوە کە هەستی نەتەوەیی و هێمای گەل بەئارەستەیەکی دیاری کراوی هاوبەش ببات و هەنگاوی پێ بنێت.




ئاڵا کۆمەڵێک ڕەنگوبۆی تایبەت بە وڵات و کۆمەڵگا جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت و پێک دێنێت کە بەپێی سرووشتی ئەو ناوچە و دابونەریتی ئەو کۆمەڵگانە لە ڕەمز و سیمبوولیان ڕەنگ دەداتەوە و هاوکات واتای جیاوازی هەیە، بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان ئاڵا یان خود ڕەمزی چەنگیز خانی مەغوول لە کلکی ٩ ئەسپ پێکهاتبووە، لەبەر ئەوە کە سەرکردەیەکی مەزن بووە و هەمیشە لە شەڕدا ئەسپی بەکار هێناوە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە لە کلکی ئەسپ ڕەمزی وەرگرتووە، ئەسپیش لەو سەردەمەدا تاکە کەرەستەی گرینگی شەڕەکان و هەروەها خێرایی بووە، هەر وڵات و هۆزێک ئەسپی باشی هەبوایە ئەوا سەرکەوتنی مەزنی بەدەست دەهێنا.

## ڕەنگەکان بەواتای مانای جیاوازن؛

ئاڵای وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆمەڵێک ڕەنگوبۆ کە تا ئاستێک لەیەک نزیکن، پێک دێت، بەڵام لە واتا و مانادا زۆر لەیەک جیاوازن، بۆ نموونە ڕەنگی سەوز لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەواتای موسووڵمان – ئیسلام بوونی ئەو وڵاتەیە، بەڵام ڕەنگی سەوز لە ئاڵای کوردستان بەواتای سەرسەوزی، سرووشتی جوان و دارستان و دەوڵەمەندبوونی خاک و ئاوی کوردستانە، ڕەنگی سوور لە ئاڵای کوردستان بەواتای خەبات و تێکۆشان لە پێناو سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی کورد لەژێر دەستی و خوێنبازی و لەخۆ بردووییە، ڕەنگی سپی بەواتای ئاشتی و ئارامی و هەوڵدان بۆ ژیانێکی بەختەوەر و کامەرانیی و بەرابەرییە، ڕەنگی زەردیش بەواتای مانەوەی شارستانییەت و تەمەدوونی بەردەوام لە کوردستان و گرینگ بوونی خۆر بۆ خاکی کوردستانە، چونکوو وڵاتێکە کە بۆ کشتوکاڵ گونجاو و لەبارە، هەروەها خۆر لە ئایینی کۆنی کوردان بە هێمایەکی پاک و پیرۆز پێناسە کراوە و هەمیشە جێگای بایخ و ڕێزی مادەکان و باوباپیرانی ڕابردوومان بووە.

## هۆکاری گۆڕانکاری لە ئاڵا؛

ئاڵای بەشێک لە وڵاتان بەپێی بارودۆخ و پێشکەوتنی شێوەی ژیان و ڕۆخان و هاتنە سەرکاری حوکوومەت و سیستم و دەسەڵاتی نوێ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ڕەمز و هێماکانیش بەپێی هەمان بارودۆخ گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆ نموونە ئاڵای کۆماری کوردستان کە ئاڵای فەرمی کۆمار بووە لەگەڵ ئاڵای ئیستای کوردستان جیاوازە، ئاڵای کۆمار لەهەمان چوار ڕەنگی ئیستا ئاڵای کوردستان پێکهاتبوو، بەڵام چەند هێمای جیاوازی لەخۆ گرتبوو، ئەو ئاڵوگۆڕەش بەواتای پێکهاتنی گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگای کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەری پێنوسەکان / ڕێکەوتی : ١٧ی کانونی یەکەم ٢٠١٣

# کوردستان و بە دەوڵەت بوون لەسەردەمی نوێ

کوردستان و بە دەوڵەت بوون لەسەردەمی نوێ: شیکارێکی کورت لە ئەگەری سەرکەوتنی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هیوای لە مێژینەی هەر کوردێکەو بەدەیان و سەدان هەزار کورد لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئاواتە گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی، لە ئاکامی ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١ (لە پاش شکستی عیراق لە شەڕی کەنداو) و دڕندایەتی رژێمی بەعس لە سەرکوتکردنی گەلی کورد، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بریاری ٦٨٨ ی دەرکرد و ناوچەکانی باکووری هێڵی پانی ٣٦ ی کردە ناوچەی دژە فڕین بۆ فرۆکەکانی رژێمی عیراق.




ئەم بڕیارە بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی نوێی کورد و دروستبوونی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی باشور (عیراق) گرۆتینێکی نوێی بەخشی بەخواستی بەدەوڵەت بوونی کوردو لە بەرامبەریشدا بووە هۆی نیگەرانی عیراق و وڵاتانی دراوسێ کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانیان کوردەو بەمەترسیەکی گەورە بۆ سەر یەکپارچەیی و یەکگرتوویی وڵاتەکانیان دادەنا، لاوازی و کەم ئەزموونی کوردو شەڕی ناوخۆ بووە هۆی ڕەواندنەوەی ترسی عیراق و دراوسێکانی لە بە دەوڵەت بوونی کورد، بەڵام لە دەستپێکی "ئۆپراسیۆنی ئازاد کردنی عیراق" لە ٢٠٠٣دا ترس لە سەربەخۆیی کوردستان دیسان سەری هەڵدایەوە و وڵاتی تورکیا کە پەرلەمانەکەی ڕێگای بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەدابوو خاکەکەی بۆ هێرش کردنە سەر عیراق بە کار بهێنن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە دۆخێکی باشدا نەبوو، تەنانەت هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی کرد بۆ پێشگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و یەکێک لەبیانوەکانیشی پاراستنی تورکمانەکانی عیراق بوو، ئەمجارەش بەشداری کورد لە بنیاتنانی عیراقی نوێ لە سەر بنەمای فیدراڵی و دیموکراسی و ڕۆڵی کورد لەم پێناوەدا بوو بەهۆی ڕەوانەوەی بەشێک لە ترسی دراوسێکان و بە فەرمی ناساندنی هەرێمی کوردستان و دامودەزگاکانی لە دەستووری نوێی عیراقی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەریفراندۆمێکی گشتیدا لەلایەن خەڵکی عیراق پەسەند کرا، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کوردان خەون بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دەبینن و بە تایبەت ئەم ڕۆژانە و بەهۆی ناکۆکیەکانی نیوان هەولێرو بەغدا باسی راگەیاندنی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردی بوەتە باسوخواسی زۆر لە راگەیاندنەکانی کوردستان و تەنانەت راگەیاندنە نێودەوڵەتیەکانیش.

هەر بەو هۆیەوە، لێکۆڵینەوە لە پێداویستی و یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆو سەرکەوتن لە بەدەستهێنانی پشتگیری نێودەوڵەتی و بە فەرمی ناسینی ئەم سەربەخۆییە لە سیستمی نوێی نێودەوڵەتی پێویستیەکی هەنووکەییە بۆ ئەوەی بزانین کورد تا چەند سەرکەوتوو دەبێت لە کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی.

هەر وەکوو ئاشکرایە، سیستمی نوێی نێودەوڵەتی کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک دەوڵەت یا دەوڵەت-نەتەوەی خاوەن "سەروەری" داهێنانێکی نوێیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیماننامەی ویستفالیا(Westphalia Treaty) لە ساڵی ١٦٤٨ و ئەزموونێکی ئەورووپی یا ڕۆژئاواییە.

لەو سەردەمەدا بوون بە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەند بوو بە توانای ڕاستەقینەی دەوڵەتان بۆ پاراستنی سنوورەکانیان لە مەترسیەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی وڵات. ئەگەر وڵاتێک سەرکەوتوو نەبوایە لە پاراستنی خۆی، هەر وەک مێژووی ئەورووپا سەلماندوویەتی، دەبوو بە قوربانی هەوڵە فراوانخوازیەکانی وڵاتانی دیکە و لە ناو دەچوو. بەڵام سیستەمەکە هەر بەم شێوازە نەمایەوە و هێدی هێدی مەرجەکانی بە دەوڵەت بوون و پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان گۆڕانیان بە سەردا هات. مەرجە سەرەکیەکانی بە دەوڵەت بوون هەر وەک لە کۆنڤانسیۆنی (میپاق) مۆنتێڤیدیۆ بۆ ماف و ئەرکەکانی دەوڵەت( Montevideo Convention on the Rights and Duties of the States) لە سالی ١٩٣٣ (کە بەڵگەنامەیەکی سەرەکی و گرنگە لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتی) و لە پێناسەی ماکس وێبەر(Max Weber)(لە روانگەی فەلسەفیەوە) باس کراوە لەم چوار خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە:هەبوونی دانیشتووان، ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، حکومەت، توانای دروستکرنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەدا. بەڵام پەرەسەندنەکان و گۆڕانکارییەکانی سەدەی بیست بوونە هۆی دروستبوونی:

١- کۆمەڵێک دەوڵەتی لاوازی نوێ کە هەموو ئەو مەرجانەی سەرەوەیان تێدا نەبوو
٢- ئەم پەرەسەندنانە بوونە بەربەست لە ڕێگای بە دەوڵەت بوونی هەندێک نەتەوەی وەکو کورد.

هەر بۆیەش دوو پرەنسیپی نوێ بە ناوی پرەنسیپی ڕێز گرتن لە سەروەری دەوڵەتان و دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیان و پرەنسیپی مافی چارەی خۆ نووسینیش هاتنە کایە.

یەکێک لەو گۆرانکاریە سەرەکیانەی سەدەی بیستەم کە بووە هۆی درووست بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتی نوێ کۆتایی هاتنی سەردەمی کۆلۆنیالیزم و سەربەخۆیی نەتەوە ژێردەستەکان بوو. بەڵام زۆربەی دەوڵەتە نوێیەکان هەموو مەرجەکانی سەرەوەیان تێدا نەبوو و هەر وەک هەندێک لە ئەکادیمیەکان دەڵێن، دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان وەکوو ئەرکێکی ئەخلاقی مافی بە دەوڵەت بوونیان دەبەخشی بەم نەتەوە ژێردەستانە و ئەنجامیش دروست بوونی هەندێک دەوڵەت کە بە دەوڵەتی شکست خواردوو (**Failed State**) و لە هەندێک حالەت بە "بە ناو دەوڵەت"(**Quasi State**) ناسراون. ئەم دەوڵەتانە لە کاتێکدا خاوەنی سەروەری نێودەوڵەتین و بە فەرمی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، لە ئاستی ناوخۆ سەروەری تەواویان نیەو دەسەڵاتیان بەسەر تەواوی رووبەری وڵاتدا نیە، نموونەیەکی دیاری ئەم حالەتە دەوڵەتی عیراقە کە لە مێژووی دروستبوونیەوە تا ئیستا نەیتوانیوە بە سەرکەوتوویی هەموو ناوچەی ژێر سەروەری خۆی کۆنترۆڵ کات. پرەنسیپی ڕێزگرتن لە سەروەری بووەتە پارێزەری ئەم دەوڵەتە لاوازانە و مانەوەیان بە یەکپارچەیی. لە بەرامبەریشدا، هەندێکنەتەوەی وەکو کورد نەیانتوانی سود لە پرەنسیپی چارەی خۆ نوسین وەرگرن و دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن و چارەنووسیان کەوتە دەست ئەو وڵاتانەی تێدا نیشتەجێ بوون. بە هۆی بەردەوامی خەباتی کورد و نەتەوە هاوچەشنەکانی لە سەردەمی جیهانگەرایی کۆمەڵێک کیانی نوێ هاتوونەتە کایە کە بە ناوی جیا جیا وەک دەوڵەتی دیفاکتۆ(**de facto state**)، دەوڵەتی دانپینەنراو(**unrecognized state**) ، هاوچەشنی دەوڵەت(**semi-state**) و هتد ناسراون.

ئەم کیانە سیاسیە نوێیانە زۆر بە دەگمەن سەرکەوتوو بوون لە بە دەست هێنانی سەربەخۆیی و لە زۆربەی حاڵەتەکان یا بە ڕێگای سەربازی لە لایەن ئەو دەوڵەتەی لێی جیا بوونەتەوە (دەوڵەتی دایک) لە ناو چوون و یا بەهۆی ئابڵوقەو پەراوێز خستنی جیهانی ئیفلیج کراون یا لە باشترین حالەتەکان هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و بە بێ سەربەخۆیی و فەرمی ناسینیان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەر بەو شێوازە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات یان لە ئەنجامی ڕێککەوتنی سیاسی لە شێوازێکی وەک فیدرالیزم لکێندراونەتەوە بە دەوڵەتی دایک.

ئەوەی گرنگ و جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە لە سیستەمی نوێی جیهانیدەوڵەتی نوێ بە دەگمەن دادەمەزرێت و دەوڵەتە سەربەخۆکانی جیهان هاتنە کایەی دەوڵەتی نوێ پتر وەک مەترسیەک بۆ سەر سەقامگیری ئاسایشی سیستەمی نێودەوڵەتی و یەکپارچەیی خاکیان دەبینن. پێویستە بزانین لە مێژووی نوێدا چ کاتێک دەوڵەتان ئامادە بوون دەوڵەتی نوێ لە ڕیزی خۆیان قبوڵبکەن و کام خاڵانە دەبنە هۆی سەرخستنی داواکاری بە دەوڵەت بوونی کیانێکی وەک کوردستان. بە گشتی ئەتوانین بڵێین لە پاش سەردەمی کۆلۆنیالیزم تەنیا لە چوار حاڵەتدادەوڵەتی نوێ دامەزراوە و لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی ناسێنراوە:

١- لە کاتی رووخان و هەرەس هێنانی دەوڵەتی دایک وەکو رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و رووخانی یۆگۆسلاڤیا کە بووە هۆی هاتنە کایەی کۆمەڵێک دەوڵەتی سەربەخۆی نوێ.
٢- لە کاتێک وڵاتی دایک ڕێکەوتبێت لە سەر جیابوونەوەی بەشێک لە خاکەکەی و سەربەخۆیی وەرگرتنی وەکوو ئەوەی لە باشووری سودان روویدا، یا وەک رەزامەندی بەریتانیا بۆ بەرێوەچوونی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە سکۆتلەندا.
٣- لە کاتێکدا دەوڵەتە زلهێزەکان (وەکوو ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپیەکان) بە هەموو هێزەوە پشتگیری لە سەربەخۆیی دەوڵەتێک بکەن، وەکوو لە حالەتی کۆسۆڤۆ بینیمان.
٤- لە کاتی سەرکەوتنی سەربازی شەری جیاخوازی، وەکوو ئەوەی لە شەری سەربەخۆیی وڵاتی بەنگلادیش لە پاکستان رووی دا.

لە دەرەوەی ئەم چوار سیناریۆیە هەرچەند کیانێک خاوەنی مەرجەکانی بە دەوڵەت بوون بووبێت نەیتوانیوە ڕەزامەندی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت و ببێتە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری نێودەوڵەتی. خاڵێک کە لێرەدا جێگەی گرنگی پێدانە ئەوەیە لە چ کاتێکدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئامادەیی زۆرتری دەبێت بۆ پشتگیری داواکاری بە دەوڵەت بوون. هەر وەک لە ئارگومێنتە یاسایی و ئەکادیمیەکان دەردەکەوێت و مێژووی هاوچەرخیش سەلماندوویەتی، پرەنسیپی چارەی خۆ نووسین شیکار و تەفسیری جیاوازی بۆ کراوە و وەکوو پرەنسیپێک کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە هەموو میللەتێکی ئەم جیهانە بدات جێبەجێ نەکراوە. هەموو کات ئەم پرەنسیپە بەند بووە بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی وڵاتە زلهێزەکان. ئەوەی بووەتە هۆی پشت ئەستووری داواکاری سەربەخۆیی و بە دەست هێنانی پشتگیری ڕۆژئاوا بریتی بووە لە هەبوونی ئەو مەرجانەی دەوڵەت بوون لە سەرەوە باسکراو گرنگتر لە هەمووی هەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی خاوەن پشتیوانی گەڵ و نزیک لە ئایدیۆلۆژی و بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا.

نووکە ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەو مەرج و پرەنسیپانە لە سەرەوە باسمان کرد شیکاری بارودۆخی کوردستانی باشور بکەین ئاسانتر دەتوانین بریار لە سەر چانسی سەرکەوتنی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بدەین. هەر وەک ئاشکرایە، کورد توانیویەتی لەو پارچە ئازادکراوەی بەرێوەی دەبات ببێتە خاوەن ئەو چوار مەرجەی لە کۆنڤانسیۆنی مۆنتڤیدیۆ باس کراوە. کوردستانی باشوور خاوەن قەوارەی جوگرافی و دانیشتوان و حکوومەتە و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە لە بنیاتنانی پەیوەندی جۆراوجۆری ئابوری و سیاسی لە گەڵ زۆر وڵاتی جیهاندا.هەموو ئەو ناوچانەی لە دەستی حکوومەتی هەرێمدان دامودەزگای حکومیان تێدا دامەزراوەو کاروباری هاووڵاتیانیان رایدەکرێت. هەرێمی کوردستان

خاوەنی سەروەری ناوخۆییەو ئەمەش لە دوا چاوپێکەوتنی تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق لە گەل پەیامنێری هاوڵاتی دیارە کە پەیوەندی کورستان و عیراق بە کۆنفیدراڵی ناو دەبات. تەنیا پێویستی کوردستان بۆ سەربەخۆ بوون بە دەستهێنانی سەروەری نێودەوڵەتی بەفەرمی ناسینی سەربەخۆیی کوردستانە لەلایەن دەوڵەتانی دیکەی جیهان.

هەروەک لە سەرەوە باسکرا تەنیا بە چوار شێواز لە دایکبوونی دەوڵەتی نوێ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەفەرمی ناسراوە. ئێستاش ئەم چوار حاڵەتە بەسەر کەیسی کوردستان تاقی دەکەینەوە. وەک ئاشکرایە، هێشتا دەوڵەتی عیراق نەڕووخاوەو کوردستانیش خاوەن ئەو توانا سەربازی و ئابوریە بەهێزە نیە کە بتوانێت لە ڕێگای سەربازییەوە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بەرامبەر عیراق و وڵاتانی دراوسێ بووەستێت. هێشتا زۆری ماوە کە حکوومەتی هەرێم بتوانێت تەنانەت بەرگەی گەمارۆیەکی ئابوری وڵاتانی دراوسێ بگرێت بۆیەش پێویستە کاری زۆر بکرێت بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و دەرمان و سوتەمەنی و وزە ودارایی و سەربازی و هتد. کەواتە تەنیا دوو هەڵبژاردە لە پێش کوردستان دەمێنێت. ڕەزامەندی دەوڵەتی عیراق بۆ سەربەخۆیی کوردستان یا پشتگیری راستەقینەی ڕۆژئاوا. وەکو مێژووی سەلماندوویەتی حکومەتەکانی عیراق لەکاتی بەهێزیاندا زۆر بەکەمی ئامادەیی راستەقینەیان هەبووە بۆ گفتۆگۆکردن دەربارەی داواکاریە نەتەوەییەکانی کورد.

ئەمەش ئاسۆیەکی روون ناخاتە بەردەممان بۆ ئەوەی هیوای ئەوە بخوازین حکوومەتی عیراق بە ئاسانی دەستبەرداری کوردستان و بیرە نەوتیە پڕداهات و سروشتە دڵڕفێنەکەی بێت.

لەلایەکی دیکەشەوە، وڵاتانی ڕۆژئاوا تا ئێستاش ئەوەندەی بەرگریکردن لە یەکپارچەیی عیراق لە بەرژەوەندی خۆیان دەبینن ئەوەندە سەربەخۆیی کوردستان لە بەرژەوەندی خۆیان نابینن. ئەمەش لە وتارەکانی سەرۆک و سیاسەتمەدارە ڕۆژئاراییەکان و لە سیاسەت و کارەکانیان بە ئاشکرا دەبینرێت و لە هەموو بۆنەیەکدا پابەندبوونی خۆیان بەیەکپارچەیی خاکی عیراق رادەگەیەنن. کەواتە، لەم بارودۆخەی ئیستادا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی ناتوانێت پاڵپشتی نێودەوڵەتی بە دەست بهێنێت و بە بێ پالپشتی و داننانی فەرمی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەربەخۆیی کورد راگەیاندنی سەربەخۆیی یا وروژاندنی ئەم بابەتە زۆرتر زیان بە کورد دەگەیەنێت تا قازانج. وەکوو سکۆت پێگ(Scott Pegg) نوسەری بواری دەوڵەتی دیفاکتۆ لە کتێبی دەوڵەت-لە نێو-دەوڵەت(States-Within-States)(ل. ٣٨) دەڵێت، ئەگەر من راوێژکاری کوردان بوایەم پێم دەگوتنبەردەوام بن لە دەستەبەرکردنی مەرجەکانی بە دەوڵەت بوون و پەرە پێدانی توانا و دامەزراوەکانتان بە هێمنی و بێ هات و هاوار تا کاتی گونجاو دێتە پێش، لە بەر ئەوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی کاردانەوەی توند (نێودەوڵەتی یا لە لایەن عیراق) لە دژتان.

خاڵێکی جێگەی نیگەرانی ئەوەیە کە لە کاتی نەبوونی ئەو چوار هەلبژاردەیەی سەرەوە لە بەردەم هەرێم، تەنیا هەلبژاردەیەک کە بۆ هەرێم ماوە پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا و پەرەپێدانی دیموکراسی و بە دامەزراوەییکردنی دام و دەزگاکانی هەرێمە و بە داخەوە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێم بووەتە مەترسیەک لە سەر ناوبانگ و پێگەی کوردستان وەک هەرێمێکی دیموکرات و ئاشتیخواز لە جیهاندا. هەر بۆیە زۆر گرنگە بۆ دەسەلاتدارانی هەرێم و پارتە سیاسیەکان کە ئەو پەری هەوڵیان بدەن کە کێشەکانی ناوخۆی هەرێم بە ئاشتیانە و بە بێبەکارهێنانی هێز چارەسەر بکەن و بەم شێوازە هەلی مێژوویی بەرەو سەربەخۆیی چوون لە کورد نەسێنن.

لە کۆتاییدا، بروام وایە وەک لە یاسای نێودەوڵەتی و وانە مێژووییەکان دیارە، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەم قۆناغەدا بە هۆی نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. بۆیە باشتر وایە حکوومەتی کوردستان هەوڵ بدات بۆ بنیات نانی ژێرخانێکی بەهێزی کشتوکاڵی وئابوری و پەرە پێدانی پەیوەندیەکانی لە گەل وڵاتانی جیهان و فراوان کردنی توانا سەربازیەکانی هێزەکانی هەرێم ولە هەمان کاتدا پەرە بدات بە سەروەری یاسا و دادپەروەری کۆمەلایەتی و بە دامەزراوەیی کردنی دام و دەزگاکانی هەرێم. پێویستە بابەتی پرچەک کردنی سوپای عیراق بە فرۆکەی و زرێپۆشی نوێ زۆر بە جددی وەربگیرێت و حکوومەتی هەرێم رێگا نەدات بە حکوومەتی بەغدا کە بە ڕەهایی مۆنۆپۆلی (قۆرخی) ئەم چەک وتەکنەلۆژیە نوێیانە بکات.

محەمەد وەلەد بەگی (مامۆستا لە بەشی ڕامیاری زانکۆی سەڵاحەدین و قوتابی دکتۆرا لە بواری ڕامیاری لە زانکۆی دورهام - بەریتانیا)

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێر

# وانەیەکی زایۆنی بۆ یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد




لەلایەن ئەیوب نووری

ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەمانگی ئابدا ببەسترایە، ئەوا ڕێکەوتی یەکەم کۆنگرەی زایۆنی دەکرد کە ساڵی ١٨٩٧ لەشاری بازلی سویسرا بەسترا. ئەوانیش لەمانگی ئابدا بوو کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یەکەم کۆنگرەی خۆیان بەست. ئەو هۆکارانەی کە جوولەکەکانی کۆکردەوە زۆر لەو هۆکارانە دەچوون کە ئێستا وایان لەکورد کردووە بیر لەبەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بکاتەوە. بیرۆکەکە لەلایەن تیۆدۆر هێرتزلەوە سەریهەڵداو هەر ئەویش سەرپەرشتی کۆنگرەکەی کرد. هێرتزل ئەو کاتە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی جوولەکە ناتوانن چیدی بەئاسوودەیی و سەربەرزی لەو وڵاتانەدا بژین کە تێیاندا نیشتەجێن. جوولەکەکان بەدرێژایی مێژوو هاوبەش بوون لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووریی وڵاتانی ئەوروپاو رووسیای قەیسەری و باکووری ئەفریقا. لە سوپاکانیاندا وەک سەرباز و ئەفسەر بەشدار بوون. لەبواری زانستیدا زۆربەی داهێنانەکان ئەوان دەیانکرد. باشترین پزیشکەکانی ئەو وڵاتانە جوولەکە بوون. شارەزایانی ئابووری و دارایی جوولەکە بوون. مامۆستایانی زانکۆ و نووسەرە باشەکان جوولەکە بوون. پزیشکە دەروونییەکان جوولەکە بوون. شانازییان بەئەڵمانیبوون و رووسیبوونی خۆیانەوە دەکرد. خۆیان بەهاووڵاتی ئەو وڵاتانە دەزانی. جوولەکەبوونی خۆیان نەدەخستە پێش هاووڵاتیبوونیان. بەڵام دوای سەدان ساڵ، تێگەیشتن کە نەک هەر سوپاس ناکرێن و ڕێز لەکارو دەستکەوت و داهێنانەکانیان ناگیرێت، بگرە هەمیشە وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکرێن و دەچەوسێنرێنەوەو سووکایەتییان پێدەکرێت. بەبچووکترین بیانوو هێرش دەکرێتە سەریان و پاکتاو دەکرێن و بازاڕ و ماڵ و پەرستگاکانیان دەسووتێنرێ و دەوڵەتیش بەنهێنی پشتگیری لەهەستی دژە جوولەکە دەکات. سەرەڕای ئەمەش، هەندێ جوولەکە باوەڕیان وابوو کە ڕۆژێ لەڕۆژان ئەم جۆرە دژایەتییە کۆتایی دێت و گەلانی ئەوروپا و رووسیا و ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەشیمان دەبنەوە و داوای لێبووردنیان لێدەکەن. هەندێ کەسایەتی ڕۆشنبیری جوولەکە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە بەتەواوی ناسنامەی جوولەکەی خۆیان بسڕنەوە و دەستبەرداری کەلتوور و ئاینەکەیان ببن، بۆ ئەوەی بەتەواوی تێکەڵی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە ببن و بێ جیاوازی لەگەڵیان بژین. بەڵام هێرتزل تێگەیشتبوو کە دەسەڵاتداران و خەڵکانی ئەو وڵاتانە هەرگیز پێشوازی لەجوولەکە ناکەن. هەمیشە بەکەم لێیان دەڕوانن و هیچ نەوەیەکی جوولەکە ئاسوودە نابێت هەتا دەوڵەتی خۆیان نەبێت. هەر لەبەرئەوەش بوو کە کۆنگرەی یەکەمی زایۆنی بەست بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک. لێرەدا بەئاشکرا دیارە کە چ لێکچوونێکی مەزن هەیە لەنێوان جوولەکەکانی ئەو سەردەمەو کوردی ئەمڕۆ. لە وڵاتانی ئێران و عێراق و سووریا و تورکیاش کورد بەشداری سەرجەم بوارەکانی ژیانن. لەناو سوپادا سەربازن. لەبازاڕەکاندا بەشدارن. لەقوتابخانە و زانکۆکاندا خوێندکارن. لەکێڵگەکاندا جووتیارن. لەبواری کەلتووریدا نووسەر و هونەرمەند و نیگارکێش و وەرگێڕ و زمانزانن. لەنەخۆشخانەکاندا پەرستار و پزیشکن. لەسەر سنوور پاسەوانن. لەبواری وەرزشیدا یاریزانن. لەکارگەکاندا کرێکارن و لەژێر ئاڵای ئەواندان و پاسپۆرتی ئەوان هەڵدەگرن. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە نەک هەر نرخی ئەم بەشداری و لەخۆبووردەیی و دڵسۆزییەی کورد نازانن، بگرە هەمیشە بەگومانەوە، وەک هاووڵاتی پلە دوو لێیان دەڕوانن. بە بیانووی جیاواز هێرش دەکەنە سەریان و ئاوارەو دەربەدەریان دەکەن. هەربۆیە ئێستا کوردیش بیر لەکۆنگرەی نەتەوەیی دەکاتەوە و دەیەوێت بەدنیا بڵێت کە کورد خاوەن ناسنامەی خۆیەتی و دەیەوێت لێرە بەدوا، وزە و توانا و دڵسۆزیی خۆی بۆ وڵات و میللەتی خۆی بەخەرج بدات. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو لێکچوونەی نێوان ئێمە و جوولەکە، جیاوازییەکی گەورەش هەیە. ئەوان لەسەر ژمارەی کورسی و نوێنەران کۆنگرەکەیان دوانەخست و هەڵنەوەشاندەوە. بۆ ئەوان گرنگ ئەوە بوو لەکۆنگرەکەدا باسی چی دەکەن و چ بەرنامەو ئەجێندایەک دەخەنەڕوو. جوولەکەکانی ١٧ وڵات تەنیا ٢٠٠ نوێنەریان نارد بۆ یەکەم کۆنگرەی زایۆنی. هەموو جوولەکەکانی جەزائیر و میسر و تونس تەنیا بە دوو نوێنەر بەشدارییان کرد. بەڵام ئێستا کوردی چوار وڵات بە ٦٠٠ نوێنەریش رازی نین. جوولەکەکان بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ و بەستنی زیاتر لە ٢٠ کۆنگرە وەک حیزب بەشدارییان نەدەکرد. بەڵکو هەموو لەچواردەوری بیرۆکەیەک کۆبوونەوە کە بیرۆکەی زایۆنی بوو بۆ ڕزگارکردنی جوولەکە لەژێردەستەیی. بەڵام لە کوردستان حیزبەکان خەریکە لەپێناو ژمارەی نوێنەر و کورسییەکانیاندا خەون و خواستی گەلێکی ژێردەستە ژێرپێ دەخەن. ئەو جوولەکانەی کە ١١٦ ساڵ لەمەوبەر لەشاری بازل کۆبوونەوە، دەیانزانی کە ئەو کۆنگرەیە بۆ ئەوان نییە، بەڵکو کۆنگرەیەکە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی منداڵەکانیان و نەوەکانی داهاتوویان. پێویستە حیزبە کوردییەکانیش، ئەگەر بەڕاستی خەمخۆری نەوەکانی داهاتوون، بەرژەوەندی خۆیان وەلا بنێن و بەیەک نوێنەر بەشداریی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکەن. وەک میوانیش بێت بەشدار بن. کورسیەکانی خۆیان ببەخشن بەیەکتر. لەبری ململانێ و ڕکابەری کار بکەن بۆ ئەوەی کام حیزب لەهەموویان دووربینترە و باشترین بەرنامەی هەیە بۆ داهاتووی میللەتەکەی. بارودۆخی ئەمڕۆی کورد وەک بارودۆخی جوولەکەکانی ئەو سەردەمە پڕە لەدڵەڕاوکێ و نادڵنیایی. ئەمڕۆ کوردیش ئامادەیە لەگەڵ دراوسێکانی و سەرجەم میللەتانی دنیا بدوێت. چارەنووسی خۆی و نەوەکانی داهاتووی دیاری بکات. ئەمڕۆ هەولێر شاری بازلە. ئەو سەردەمە جوولەکەکان ناچار بوون بەزمانی ئەڵمانی کۆنگرەکەیان ببەستن. ئێستا کورد بەزمانی کوردی و لەژێر ئاڵای کوردستاندا دەتوانن کۆنگرە بگرن. بەڵام پێویستمان بەکەسێکی وەک هێرتزلە کە لە کۆتایی یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکەدا لەدەفتەری یادگارییەکانیدا نووسی "من ئەمڕۆ دەوڵەتی جوولەکەم دامەزراند".

ڕووداو نێت

# پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان و دوالیزمی کلتوری خێزانی کورد لە هەندەران

شەونم یەحیا

بە هەقیقەت پرسی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ئەوەندە پرسێکی ئاسایی و ئاسان نیە لێی بێدەنگ بین و قسە و کاری لەسەر نەکرێت و بەرەنگاری نەبینەوە، چونکە توندوتیژی دژ بە ژنان واتا توندوتیژی دژ بە کۆمەڵگە.



بۆیە پێویستە لە دیدگایەکی زانستیانەوە ئاراستە بکرێ، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە چەندان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، ناوخۆیی، ناوندنی داکۆکیکردن لە پرسی ژنان دابمەزرێن بۆئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی بەرەوە ئاراستەیەکی "تۆلێرانس"تر واتا لێبوردەیی تر بەرن، دیاردەی "کوشتن" خۆی لە خۆیدا چ ژن یان پیاو بکوژرێت؛ ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی نامەتیقی و نائەخلاقیە و تاوانێک بەهەموو پێوەرەکان، کە بۆ تاوانکاری دانراوە.

خودی پرسیارەکە کوشتنی ژنی کورد لە هەندەرانە، بە بڕوای من ئەمە پەیوەندنی بە شوێنەوە نیە ئەوەندەی پەیوەندی بە عەقڵەوە هەیە واتا ئەنجامدانی کردارێکی وا پەیوەستە بە جۆری بیرکردنەوەی پیاوی کورد وەک تاکێک، کە لەنێوە پرۆسەیەکی کلتوری داخراو پەروەردەکراوە.

لە گەڵی گەورە بوو بووەتە بەشێک لە ژیانی بە حوکمی کاریگەر بوونی بە کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە تاکی کورد لە نێو بونیادێکی کۆمەڵایەتی زۆر تۆخ و قوڵ تواوەتەوە.

پرۆسەی لە بیرچوونی ترادیسۆنەکان ئەوەندە ئاسان نیە. بۆتە بەشێک لە دروستبوونی کەسایەتی ئەو، ئەگەر لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردیش بێت، بەڵام بە عەقڵ "ملتزمە"engage ) پابەندە بەعەقڵ و بیرکردنەوەو ویژدانی کۆ نەک بە شوێن، بۆیە دەبینین دوای چەند ساڵ لە گۆرینی پێگەی جوگرافیایی هەر هەمان رەفتار دەکات وەک ئەو کەسەی، کە لە ناوەوە کۆمەڵگەی کوردی بژیت.

خێزانی کورد لە هەندەران چەندین گیروگرفتی هەیە، گرنگترینیان سەپاندنی کلتوری خێڵەکی بەسەر نەوەکانیاندا، خێزانی کوردی چونکە لە بنەڕەتەوە لە جۆری خێزانی تێکەڵاوە و تاک نەیتوانیوە لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان ژیانێکی تایبەتی هەبێت، پەیوەندییەکانی بەستراوەتەوە بە ئەندامانی خێزانەکەیەوە و زۆربەی کات سنوری پەیوەندییەکانیشی دیاریکراو بووە.

دەبینین کاتێک خێزانێکی کورد روو لە ئەوروپاش دەکات هەر لەسەر هەمان رەفتارە چونکە بەرپرسی خێزان دایک، یان باوک ئەوان بۆخۆیان لە چوارچێوەی پرۆسەیەک گەورە بوونە؛ لە زانستی کۆمەڵناسی پێیدەڵێن پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون (سۆسیۆلیزاسیۆن)، بەحوکمی ئەوەی ئەوان ناتوانن ئاوا بە ئاسانی لێ دەربچن بۆیە هەر هەمان عەقڵیەتیە دەبێتە پەروەردەکاری نەوەکان لەوێ، بۆیە نەوەی نوێ کورد لە ئەورپا هەمیشە لە کێشەدا لە نێوان دوالیزمیبوون لە کەسایەتی و لە کلتوریدا بگرە ئەوان دەبنە قوربانی دوو کلتوری، راگرتنی کلتوری کوردی و پابەند بوون پێیەوە لە ئەوروپا لەلایەن خێزانی کوردەوە من بە پلەی یەکەم بۆ ترس لە لۆمە و گلەیی خەڵک واتا کەوتنە ژێر باری وێژدانی جمعی کۆمەڵگەی کوردی، راستە ئەوان دوورن، بەڵام هۆکارەکانی پەیوەندی کردن ئەمرۆ زۆر ئاسان بووە ئەمەش هۆکارێکی ترە لەسەر تاکی کورد، کە رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوان زۆر بە ئاسانی و بەخێرای بگاتە کۆمەڵگەی کوردی.

جگە لەمە هۆکارێکی تر ئاستی زانستی خوێندەوار بوونی لە نێو خێزاندا هەرچەندە ئەمە رێژەییە، چونکە نموونە هەیە لە سەر ئەوەی کە کچێکی کورد لە لەندەن پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی عەرەب دەبێت، دیارە چەندین جار کوڕەکە پەنا دەباتە بەر ئەو خێزانە کوردە تا کچەکەی بدەنێ و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، بەڵام باوکی کچەکە ئەگەر چی لە ئاستێکی زانستی بڵندیشە، هەر رەزامەندی نانوێنێ لەسەر ئەنجامدانی ئەم پرۆسە هاوسەرگیرییە.

بە حوکمی تێکەڵاوبوونم لەگەڵ کلتوری بێگانە و شارەزایی بوون لە شێوازی ژیانیان بۆم بەدیارکەوت کە خێزانی کوردی تارادەیەکی یەکجار زۆر داخراوە و پابەندە بەکلتور و ئەم داخراوەیش بێگومان گرفت و کێشەکانی زیاتر کردووە، بەتایبەتی بۆ رەگەزی مێ و کارگەرییەکی نیگەتیڤی لەسەر ئایندەی مێ دروستکردووە بەتایبەتیش لەرووی پێکهێنانی

خێزان، جگە لە لایەنی ئاینی، کە ڕێگرە بووە لایەنی کلتوری و سیاسیش هەم بەربەست بووە، ئەم پارادۆکسە لە کەسایەتی و لەکلتوری تاکی کورد بێگومان ململانی و کێشەی لێدەکەوێتەوە تا دەگاتە یەکلابوونەوەی پرسەکان.

توندو تیژی دژی ژن لە ئەوروپا و ئەمریکاو تەنیا لەلایەن کوردەوە ئەنجامنادرێ، بەڵکو لەلایەن ئەوروپیەکانیش هەمان توندوتیژی بوونی هەیە.

بۆ قسە کردنیش لەسەر ئەم پرسە گرنگە باس لەو توندوتیژییانە بکرێت کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ژنان هەیە، نەک تەنیا ئافرەتی کورد بگرە زۆربەی ژنانی ئەوروپاش سەرەڕای توندوتۆڵی یاساکانیان، کە زۆر بە زحمەت، یاخود بە دەگمەن تاک دەتوانێ لێی دەربازبێت، کەچی دەبینین هێشتا پراکتیکەکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە بەرزبوونەوەدایە لە نێوان توێژە کۆمەڵایەتیەکان.

دیارە ئەم بەرزبوونەوەیەش بەپێ ڕاپۆرتی ڕێکخراو و ئەنجوومەنە نێودەوڵەتیەکان زانراوە ، بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی ئەوروپا کە لە ٤٧ وڵات پێکهاتووە بۆ داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و پاراستنی سەروەری یاسا، تێیدا ئاماژە بەوەدەکات؛ کەوا ئافرەتان لە هەموو ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەروونی و جستەیی و زارەکی دەبنەوە، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندان نەخۆشی درێژخان و کاریگەری لەسەر کەمخۆراکی و کەمخەوی و زیادبونی مادە بێهۆشکەرەکان دەبێت لەسەر ئافرەت.

بۆ نموونە لە وڵاتیکی وەکو بریتانیا پۆلیسی ئەو وڵاتە هەموو دەقەیەک پەیوەندییان پێوەدەکرێت بۆ بە هاناوەچونی قوربانیەکانی توندوتیژی خێزانی، هەروەها لە ئینگلتەرا هەفتانە ئافرەتێک دەبێتە قوربانی لەسەر دەستی مێردەکەی، یاخود کەپڵەکەی ئەمەش بەپێ ڕاپۆرتەکانی "ساسیکس"، هەروەها بەهەمانشێوە لە راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمساڵیش ئاماژە بە بەرزبوونەوەی شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکات لە لێدان و سوکایتیپێکرن و دەست درێژی سێکسی ... هتد.




جگە لەو توندوتیژییانەی، ڕووبەڕووی ئافرەتان و منداڵان دەبێتەوە لە ئەنجامی شەڕ و ململانێ چەکدارییەکان، چونکە نائارامی و ململانێییەکان کاریگەری ڕاستەخۆیان لەسەر زیادبوونی توندوتیژی دەبێت جگە لە فاکتەرە کلتوورییەکان.

لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا هەر ٦ دەقە جارێک ئافرەتێک دەست درێژی دەکرێتە سەری، لە وڵاتێکی وەکو مەکسیک ٩ دەقە جارێک. هەر لە ئەمەریکا ساڵانە شەش ملیۆن ئافرەت لەلایەن مێردەکانیانەوە دووچاری لێدان دەبنەوە و زیاتر لە ٤٠٠ یشیان بەهۆی لێدانەوە دەکوژرێن.

لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا ساڵانە ٥٢% ئافرەتان ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی (تحرش) دەبنەوە.

٤٥٠٠٠ هەزار ئافرەت ساڵانە لە ترسی توندوتیژی خێزانی ماڵ بەجێدەهێڵن.

لە فەرەنسا چوار ڕۆژ جارێک ئافرەتێک لەلایەن مێردەکەیەوە دەکوژرێت، لە ئیسپانیا ڕۆژانە ئافرەت لەسەردەستی مێردەکەی دەکوژرێت، بۆیە من پێم وایە لە ئەنجامدانی کردەیی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەک بێت ئەورپا یان کوردی بێت هیچ جیاوازیەکی نیە، چونکە توندو تیژی هەر توندوتیژییە لەڕووی کردارەوە، بەڵام لەڕووی شێوازە ڕەنگە جیاواز بێت بۆنموونە لە کۆمەڵگەی کوردی دەستدرێژی سێکسی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەورپی کەمترە، ئەمەش بەهۆی کاریگەرییەکانی ئاین یاخود ترادیسۆنەکانەوە بێت، جیاوازییەکی تر لەڕووی ڕێژەوە بێگومان کۆمەڵگەیەکی وەکو فرەنسا یان ئەڵمانیا یان ئەمەریکا بەحوکمی ئەوەی گەورەترن لە کۆمەڵگەی کوردی بۆیە ڕێژەی تاوان و توندوتیژییەکانیش تێدا زیاترە.

جیاوازییەکی تر لە ڕووی جێبەجێکردنی یاسان و سەپاندنی سزا، لە کۆمەڵگەی کورد بەم دواییانە یاساکان فشار و سزایان توندترکرد لەسەر ئەو کەسانەی کە توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن و حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندان ناوەندو ڕێکخراوی دامەزراند بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراوە تر داکۆکی لە پرسی ئافرەت بکرێ، و یاساکان جێبەجێبکرێت لەسەر بکوژی ئافرەت بە ناوی شەرەفەوە دەنا پێشتر بکوژی ئافرەت زۆر بەئاسانی لەو تاوانە دەرباز دەبوو بەناوی (غسل عار)، بەڵام لە کۆمەڵگە ئەوروپیەکان شتێک نیە بەناوی (غسل عار) و یاسایەک بێت بۆ دەربازبوونی ئەو کەسانەی کە ژن دەکوژن، بەڵکو یاسا وەکو تاوانبارێک حوکمی لەسەر دەدات .

شەونم یەحیا: خوێندکاری دکتۆرا لە (سۆسیۆ – فیلۆسۆفی) زانکۆی سۆربۆن، پاریس یەک.

لە دەنگەکان وەرگیراوە.

٢٤ی جولای ٢٠١٣

# ئەی رەقیب و ئیمان

لەلایەن عەبدولڕەحمان سدیق

سروودی نیشتمانی پارچە مۆسیقایەکی نیشتمانیی دانپێدانراوە کە بە وشەکانی خەباتی گەل و کەلتووری کۆمەڵگەو مێژووی وڵاتێک بەرز رادەگرێت و حەماسەت بەگیانی نیشتمانپەروەری و خۆشویستنی نیشتمان دەدات.




سروودی نیشتمانی یان لە برگەیەکی دەستووری وڵاتدا یان بە یاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانەوە، یان لەڕێگەی عورف و نەریتی کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێت. سروودی نیشتمانی یان بەزمانی فەرمیی وڵات دەبێت، وەک زۆربەی وڵاتان. یان بەزمانێکی دیکە دەبێت وەک سروودی نیشتمانیی هیندستان (جانا گانا مانا) کە بەزمانی سەنسکریتی بەنگالییە. یان بەگشت زمانەکانی وڵاتەکە دەبێت وەک سروودی نیشتمانیی سویسرا. یاخود وەک سروودی نیشتمانیی کەنەدا دەبێت کە وشەکانی بە زمانە فەرمییەکانی (ئینگلیزی) و (فەرەنسی)یە.

## جیاوازیی نێوان سروودی نیشتمانی و گۆرانیی نیشتمانی:

یەکەم: لەڕووی (کات)ەوە سروودی نیشتمانیی هەر وڵات و هەرێمێک، هاوکاتە لەگەڵ رووداوێکی سەرەکیی گرنگدا وەک راگەیاندنی سەربەخۆیی وڵات و گوزارشت لەو سەردەمە دەکات، بەڵام گۆرانی نیشتمانی زادەی رووداوە لاوەکییەکانە و هی سەردەمەکانی دوای ئەو رووداوە سەرەکییەیە و دواتر دێتە ئاراوە.
دووەم: لەڕووی (گوتن)ەوە، سروودی نیشتمانی هەمیشە بەکۆراڵ دەگوترێتەوە، بەڵام گۆرانیی نیشتمانی دەکرێت بەتەنیا کەسێک یان بەکەسێک و کۆرس یان بە کۆراڵ بگوترێ.
سێیەم: لەڕووی (ناوەرۆک)ەوە، سروودی نیشتمانی پڕ لەشکۆ و حەماسەت و هاندان و زیادەڕەوییە لە خۆشەویستی بۆ نەتەوەو نیشتمان، بەڵام گۆرانیی نیشتمانی باس لە جوانی و بەهاو لایەنە ناسکەکانی نیشتمان دەکات.
چوارەم: لەڕووی (ئاواز)ەوە، سروودی نیشتمانی ریتمێکی سەربازیانەی هەیە، بەڵام گۆرانیی نیشتمانی ئاوازێکی میلۆدیی هەیە.
پێنجەم: لەڕووی بەراوردکردنەوە، هەموو سرووذێکی نیشتمانی گۆرانییەکی نیشتمانییە، بەڵام هیچ گۆرانییەکی نیشتمانی نابێتە سروودی نیشتمانی.

## سروودی ئەی رەقیب:

یەکەم: ئەی رەقیب واتە ئەی ناحەز ئەی رکابەر، نەک رەقیب بەمانای ناوی (الرقیب)ی پیرۆزی خودا!! بۆیە بەردەوام لەئەدەبیاتی کوردیدا شاعیرانی کوردی موسڵمان کە زۆربەیان شێخ و مەلا و حاجی بوون وشەی رەقیبیان بەو مانایە بەکارهێناوە، ئەوەتا (ئەحمەد موختار بەگی جاف) دەڵێت:

رەقیبی سەگ هەتا چاوم کەلا کرد
منی دووچاری سەد دەرد و بەڵا کرد

(نالی) دەڵێت :

رەقیب و موددەعیی فیتنە و عیلاجی چاوی جادووتن
لەگۆشی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن

یەکەم: دەستەواژەی دانەری تۆپی زەمان مەبەست لێی تۆپی ئەو سەردەمە بووە کە دژی کورد بۆ کوردقڕان بەکاردەهێنرا، بۆیە نابێت مەبەستی شاعیر لەدانەری تۆپی زەمان خودا بێت!!

دووەم: دەستەواژەی (دینمانە ئاینمانە هەر نیشتمان) گوزارشتە لە(گشت)ێک بە(بەش)ێک لێی، وەک دەستەواژەی (الحج عرفه)، دیارە کە (عەرەفە) بەشێکە لەحەج نەک هەموو حەج عەرەفە بێت، بەڵام لەبەر گرنگیی (عەرەفە) هەموو حەجی پێ پێناسە دەکرێت. هەروەها وەک (الدین النصیحه) یان (الدین المعامله)، بۆیە شاعیر دەیەوێت بڵێت نیشتمان و خۆشەویستیی نیشتمان بەشێکی گرنگ و سەرەکییە لەدین و ئاین، نەک نیشتمان بەتەنیا یەکسان بێت بە دین و ئاین!!

چی بکەین بۆ ئەوەی سروودی ئەی رەقیب

تەبا بێت لەگەڵ نەگۆڕەکانی ئایندا؟

یەکەم: لەدێڕی (دینمانە ئاینمانە هەر نیشتمان) دەتوانین پێشگری (لە) بخەینە پێش وشەی (دینمانە) و، پیتی (و)یش بخەینە پاشی و بڵێین (لەدینمان و ئاینمانە هەر نیشتمان)، بەمەش ماناکەی راست دەبێتەوە.

دووەم: بۆ زیاتر دڵنیابوونی ئەوانەی پێویستیان بەدڵنیاییە، بڕواننە سروودی نیشتمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەڵێت:

(سر زد از افق، مهر خاورانفروغ دیدەی حق باورانبهمن فر ایمان ماست) واتە : (بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە).

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ٢٢ی مانگی (بەهمەن)ی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانیدا سەرکەوت.

لەبەر ئەمەیە ناوی (بەهمەن)یان خستە نێو سروودی نیشتمانیی ئێرانەوە و لەسروودەکەدا هاتووە کە:

(بهمن فر ایمانی ماست) واتە: بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە. کەچی هەموو موسڵمانانی ئێران و جیهانیش لەبەردەم ئەم سروودەدا هەڵدەستنەوە و کەسیش ناڵێت (بهمن فر ایمانی ماست) کوفرە، چونکە دەزانن ئەمە شیعرەو بەمانای ئەوە دێت کە سەرکەوتن لەم مانگەدا ئیمانی بۆ گێڕاینەوە، نەک بەمانای ئەوە بێت کە بەهمەن ئیمانی ئێمەیە.

**رووداو نێت**

## ئە ی رە قیب (سرود ملی کردستان)

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردوە ، کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
لاوی کورد هەستایە سەر پێ وەک دلێر
تا بە خوێن نەخشین دەکا تاجی ژیان
کەس نەڵێ کورد مردوە ، کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان ئایینمان، هەر کوردستان
کەس نەڵێ کورد مردوە ، کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
ئێمە رۆڵەی رەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکە خوێناویە رابردوومان
کەس نەڵێ کورد مردوە ، کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
لاوی کورد حازر و ئامادەیە
گیان‌فیدانە گیان‌فیدا هەر گیان‌فیدا
کەس نەڵێ کورد مردوە ، کورد زیندوە
زیندوە قەت نانەوێ ئالاکەمان

**دڵدار**

# پانۆڕامای ژیان و خەباتی مادام میتران



د . ئاسۆ حەسەن زادە

مادام دانیەل میتران هاوسەری فرانسوا میتران سەرکۆماری پێشووتری فەڕانسە و دۆست و دڵسۆزی گەلی کورد ڕۆژی ٢٢ی نۆامبری ٢٠١١ واتە دروست ئەو ڕۆژە کە چل ساڵ پێشتر دایکی مردبوو، لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا و لە نەخۆشخانەی ژۆرژ پۆمپیدووی پاریس کۆچی دوایی کرد.

ئاوڕدانەوەیەک لە ژیان و خەباتی مادام میتران دەری دەخا کە ئەو خانمە بەڕێزە چەندە لە خەمی بەشخوراوانی جیهان و یەک لەوان گەلی کورددا بووە و بۆ بنیاتنانی جیهانێکی باشتر، جیهانێکی کە لەودا کەرامەتی مرۆڤ بایەخی بنەڕەتی هەبێ، چەندە ماندوویی نەناس و لەخۆبردوو بووە.

خاتوو دانیەل ئێمیلیەن ئیزابێل گۆز ناسراو بە مادام میتران ڕۆژی ٢٩ ی ئۆکتۆبری ١٩٢٤ لە شاری «ڤێردەن» ی فەڕانسە کە گەورەترین و خوێناویترین مەعرەکەی شەڕی یەکەمی جیهانیی لەوێ ڕووی داوە، لەدایک بوو. دایکی دانیەل مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی و باوکیشی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی بوو. لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا کاتێک فەڕانسە لەلایەن ئاڵمانی نازییەوە داگیر دەکرێ، بناخەکانی بیری ئازادیخوازی و عەداڵەتپارێزی لەلای دانیەل چەکەرە دەکەن. چونکە خانەوادەی دانیەل هەر هەموویان زۆر ئازایانە بەدژی داگیرکەری بێگانە و حکوومەتی خۆبەدەستەوەدەری وڵات ڕادەوەستن و تێکەڵ بە ڕایەڵەکانی خۆڕاگریی گەلی فەڕانسە دەبن، هەر ئەو کاتەشە کە لەگەڵ فرانسوا میتران ئاشنا دەبێ.

پاش ئازاد بوونی فەڕانسە دانیەل و فرانسوا لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٤ لە پاریس پێکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن. بەرهەمی ئەو ئیزدواجە سێ کوڕ دەبێ بە ناوەکانی پاسکال و کریستۆف و ژیلبێر کە یەکەمیان تەنیا دوو مانگ پاش لەدایکبوونی دەمرێ.

ساڵی ١٩٤٦ فرانسوا میتران بە ئەندامی پارلمانی فەڕانسە هەڵدەبژێردرێ. دانیەل کە لەو کاتەدا بۆخۆی ئەندامی ئەنجومەنی ئوستانی ناوچەکەی خۆیان دەبێ، بڕیار دەدا لە کۆڕ و کۆبوونەوە و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لە پەنا هاوسەرەکەی دەرکەوێ و یارمەتیی بدا. یەکەم جار کە دانیەل میتران دەست دەکا بە کاری خێرخوازی و مرۆڤدۆستانە ئەو کاتەیە کە فرانسوا میتران دەبێتە وەزیری جەنگاوەرانی دێرین. دانیەل کۆمیسیۆنێک بۆ یارمەتیدان بەو منداڵانەی لە شەڕدا باوکیان لەدەست دابوو دادەمەزرێنێ.



لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی فەڕانسە لە ساڵی ١٩٨١ ، کاتێک فرانسوا میتران لەلایەن پارتی سۆسیالیست و کۆمەڵێک ڕێکخراوی دیکەی چەپی فەڕانسەوە وەک ڕەقیبی سەرکۆماری دەستەڕاستیی ئەوسا واتە ڤالێری ژیسکار دێستەن دیاری دەکرێ، دانیەل میتران تێدەکۆشێ کەسایەتیی جیاوازی خۆی بۆ سەرکەوتنی هاوبەشی ژیانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەکاربێنێ. کاتێکیش فرانسوا میتران دەبێتە سەرکۆمار، دانیەل کە دەبێتە خانمی یەکەمی فەڕانسە بەشێوەیەکی جیاواز لە خانمە یەکەمەکانی پێش خۆی ئەو نەخشە دەگێڕێ.

دانیەل میتران بەو جەهانبینییە فراوان و بەو هۆگرییەوە کە بە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤەکانی هەبوو، خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز و ئازا و سەربەخۆ بوو کە هەرگیز لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی بە ئاشکرا و هەڵسوکەوت بەو جۆرە کە بۆخۆی باوەڕی پێ بوو دوودڵیی نەدەکرد. تەنانەت زۆر جار هەڵوێستی واشی دەگرتە بەر کە بەهۆی ئەوە کە هاوژیانی سەرکۆماری دەوڵەتێکی گەورەی وەکوو فەڕانسە بوو دەبووە مایەی کێشە و سەرێشە هەم لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێوخۆدا و هەم لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا.

مادام میتران بەمەبەستی نەهادینەکردنی کاروچالاکیی خێرخوازیی خۆی ساڵی ١٩٨٦ بنیاتێکی بەناوی فرانس- لیبرتە واتە فەڕانسە-ئازادی دامەزراند کە دواتر لەلای دامودەزگاکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ستاتووی ڕاوێژکاریی وەرگرت. هەڵوێست و کار و چالاکییەکانی مادام میتران چ وەک خۆی و چ لە چوارچێوەی بنیاتی فرانس لیبرتەدا کۆمەڵێک بابەتی ئینسانی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشی دەگرتەوە. دانیەل میتران لە نفووزی خۆی بۆ گەیاندنی دەنگی گەلانی ژێردەستە و زوڵملێکراوی وەک گەلی کورد و گەلی تیبێت و گەلی سەحرا و هیندییەکانی ئەمریکای لاتین بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و بڕیاردەرییەکانی جیهان کەڵکی وەردەگرت.

هەروەها بەدژی ئاپارتاید و سزای ئیعدام خەباتی دەکرد.دروستکردنی قوتابخانە لە کوردستان و خەبات بەدژی نەخۆشیی ئایدز لە ئەفریقا لە تەوەرەکانی دیکەی کار و چالاکیی فرانس لیبرتە بوون.

مادام میتران بەڕوونی دژی زیادەڕەوییەکانی سیستمی سەرمایەداری بوو. ئەو لایەنگری بەجیهانی بوونێکی دیکە بوو، بەجیهانیبوونێک کە لەودا عەقلانییەت و تەعادول و دابەشکردنی سەروەت و سامان لەنێوان مرۆڤەکان و ئینسانەکاندا بکرێتە ئامانج. لایەنگریی ئازایانەی ئەو لە هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەکردەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازی و درزی نێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و وڵاتانی هەژار بووە هۆی ئەوە کە ساڵی ١٩٩٠ شووراى ئەورووپا خەڵاتی باکوور- باشووری پێ ببەخشێ. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە چەمکی دەوڵەمەندی دەبێ سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە و کۆمەڵێک هێمای دیکە بۆ پێناسەکردنی ئەو چەمکە بەکار ببرێ وەک دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە زانست و پەروەردە و هەروەها سامانە سروشتییەکان. هەر لەو چوارچێوەیەشدا بوو کە مادام میتران لە دوا ساڵەکانی ژیانی دا زۆرتر بایەخی بە پرسی ئاو دەدا و لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک وەک یەکێک لە مافەکانی مرۆڤ بەڕەسمی بناسرێ و کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ هەموو هەوڵ و هیممەتی خۆی بۆ پاراستنی ئەو سامانە هاوبەشەی مرۆڤایەتی دەکار بخا. یەکێک لەو گەلە زوڵملێکراوانەی دانیەل میتران هۆگری بوو و پشتیوانیی لێ دەکرد، گەلی کورد بوو. مادام میتران لە سەرەتای هەشتاکانی زایینیدا لە ڕێگەی کۆمەڵێک رووناکبیری کوردی باکوور و بەتایبەتی لەڕێگەی دوکتور قاسملووەوە لەگەڵ مەسەلەی کورد ئاشنا بوو.

ساڵی ١٩٨٦ پاش ئەوە کە مێهدی زانا شارەداری دیاربەکر بە تاوانی ئەوە کە وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەش کردبوو بە چاردە ساڵ زیندان مەحکووم کرا، مادام میتران بە رەسمی پشتیوانیی خۆی لە مەهدی زانا و بێزاری خۆی لە حوکمێکی لەو چەشنە ڕاگەیاند. ئەو هاوپێوەندییەی ئەو لەگەڵ خەباتگێڕانی مەدەنیی باکووری کوردستان بەتایبەتی ئەو پارلمانتێرە کوردانەی وەک خانمی لەیلا زانا کە بەردەوام لەلایەن حکوومەتی تورکیەوە دەستگیر و ئازار دەدران، لە ساڵەکانی دواتریشدا بەردەوام دووپات بۆوە.

هەنگاوێکی گەورەی دیکەی دانیەل میتران لە پشتیوانی لە گەلی کورددا بەستنی یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر پرسی کورد بوو کە بە دەسپێشخەری و لەژێر چاوەدێریی مادام میتراندا لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٨٩ دا لە پاریس بەسترا.

برگەی هەرە گرینگ و بەرچاو لە پشتیوانیی مادام میتران لە گەلی کورد ئەو کاتە بوو کە پاش شەڕی یەکەمی کەنداو کوردەکانی باشووری کوردستان بەهۆی هێرش و هەڕەشەی ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە بەکۆمەڵ ئاوارە و پەڕیوەی سنوورەکان بوون و کەوتبوونە بەر مەترسیی لەنێوچوون. مادام میتران یەک لەو کەسانە بوو کە لە ڕێگەی قەناعەت هێنان بە فرانسوا میتران و دەوڵەتی فەڕانسەوە، لە ڕێگەی بڕیارنامەی ٦٨٨ ی ساڵی ١٩٩١ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هێنایە سەر ئەوە کە پارێزگاری لە کوردەکان بکەن. هەر ئەوەش بوو بە سەرەتا و بنەمایەک بۆ ئەوە کە کوردەکان لە باشووری کوردستان دەست بکەن بە بنیاتنانی داهاتووی سیاسیی خۆیان.

پاش ئازادیی کوردستانی عیراق ساڵی ١٩٩٢ مادام میتران یەکەمین کەسایەتیی نێونەتەوەیی بوو کە لەگەڵ بێرنارد کووشنێر وەزیری ئەو کاتی تەندروستی و یارمەتیی مرۆڤایەتیی حکوومەتی فەڕانسە سەردانی کوردستانیان کردەوە و لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە بە کۆمەڵێک پرۆژەی وەک دروستکردنەوەی قوتابخانە و بنکە تەندروستییەکان کۆڕ و کۆمەڵە بیانییەکان رازی بکەن کە کوردەکانی عیراق بەتەنیا بەجێ نەهێڵن و لە بنیاتنانەوەی داهاتوویاندا هاوکارییان بکەن. وتارێک کە مادام میتران لەو سەفەرەدا لە پارلمانی کوردستان پێشکەشی کرد لەڕووی سەمبۆلیکەوە وەک دەعوەتکردنێکی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بۆ بەڕەسمی ناسین و یارمەتیدانی ئەو قەوارە ساوایە بوو کە کوردەکانی باشوور خەریک بوون بنیاتیان دەنا. لەو سەفەرەدا مادام میتران تەنانەت لە گیانی خۆشی ریسکی کرد، چونکە دژمنانی گەلی کورد کردەوەیەکی تێرۆریستییان لەسەر ڕێگەی کاروانەکەی لە نزیک سلێمانی بەڕێوە برد کە بووە هۆی شەهید بوونی شەش کەس لەو پێشمەرگانەی مادام میترانیان ئیسکۆرت دەکرد.

مادام میتران هەر لەو کاتەدا کە لە دۆستایەتیی لەگەڵ گەلی کورددا وەفادار و لە پشتیوانی کردنی ئەو گەلەدا بەردەوام بوو، وەک دۆستێکی دڵسۆز و راستەقینەش لەگەڵ رێبەرانی ئەو گەلە مامەڵەیەکی رووک و راستی هەبوو و ئەگەر بەپێویستی زانیبا رەخنەشی لێ دەگرتن. ئەو زۆر خەفەتی بە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کوردەکانەوە دەخوارد. کاتێک شەڕی نێوخۆیی لە باشووری کوردستان وەڕێ کەوت، مادام میتران زۆر دڵسارد و نارەحەت بوو و هەموو هەوڵی خۆی بەکارهێنا کە کوردەکان کۆتایی بەم وەزعە بێنن. بەچەشنێک کە ئاشتبوونەوە و برایەتیی نێوان ڕێبەرانی کوردی باشوور یەکەمجار لە ئۆفیسەکەی مادام میتران لە پاریس لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی پێ کردەوە.

کۆچی دوایی مادام میتران شەپۆلێک لە سۆز و حەسرەت و هاوخەمیی لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و فەرهەنگی و بەشەردۆستەکانی سەرتاسەری جیهاندا و بەتایبەت لەلای گەلانی ژێردەستە و لێقەوماوی جیهان کە مادام میتران دیفاعی لێ کردبوون و بەهانایانەوە چووبوو وەڕێخست. گەلی کورد یەک لەو گەلانە بوو. هەربۆیە رۆڵەکانی ئەو گەلە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتیش کۆچی دوایی مادام میتران بە خەسارێک دەزانن کە لە خۆیان کەوتوە و تا سەر خزمەت و خەمخۆرییەکانی ئەویان لە چاودا دەمێنێ.

یاد و بیرەوەریی دایکی کوردان، مادام دانیەل میتران، هەر بەرز و بەڕێز بێ.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٧ی دێسامبری ٢٠١٢

# بۆ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

ڕەحمان ئیبراهیم زادە

زۆر نوسەرو قەڵەم بە دەستی بەتواناو روناکبیری شۆرشگێرو بیرمەند، لە سەر ناوی پێشمەرگەو خەباتی پێشمەرگە، نوسیویانەو ئەو ناوە زۆر ئاشنایەو پێویست ناکەت من لەو نوسراوە دا هیچی لەسەر بنووسم. بەڵام لە بەر ئەوەی من بۆ خۆم ١٦ ساڵ پێشمەگە بووم و حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەم بە چاوی خۆم دیوە، دەمهەوێ لەو رۆژە دا لە بەرانبەری ئەو ناوە پیرۆزەدا هەستی خۆم دەربرم.

## پێشمەرگە، چیت لە سەر بنوسم؟

تۆ کە ئاوی مەندو شەپۆلی دامرکاوی رووبار نی، تۆ تۆفانی و شەپۆلی بە کوڵی ئاوی رووبارەکانی بەهاری کوردستانی.




تۆ ئاسکی لە پەروپۆ کەوتووی گەرمە سێرو مامزی دەستە مۆی زۆرداران نی، تۆ پڵنگی تیژرەوی، شارباژێرو دەرسیم و ماردین و مەهابادی.

تۆ هاژەی ئاوی کانیاوەکانی کوردستان و شێری ناو بیشەڵانی ژیان و سەرچاوەی رووبارەکانی کوردستانی.

تۆ بەرخە کۆرپەی هەتاو نەدیتووی سەرخوانان نی، تۆ قەترە ئارەقی ناوچاوانی زەحمەتکێشانی کوردستانی.

تۆ باڵندەی لاپەسیو و سەرسوانان نی، تۆ هەڵۆی تیژباڵی دوندو کێوەکانی کوردستانی، تۆ هەتاوی تۆ بارانی.

تۆ گیان لەبەری نوستووی ژێر سێبەران نی، تۆ قاڵبووی کورەی گەرمی خەبات و بەرخۆدانی.

تۆ قەلەرەشەی سەر مینبەری کلیساکان نی، تۆ بولبوولی خۆش خوێنی ناو موچەو مەزرا و باغ و بێستانی کوردستانی.

تۆ هەنگی سوورنی پیسایی بە لاق هەڵگری، تۆ ئەو باڵندە جوانەی کە بە ئاوی هەناوی گوڵ پاراو دەبی.

تۆ مۆری سواوەی سەر تەفنگەکان و سەر لوولەی تۆپەکان نی، تۆ مۆری سەرپارچە زێرەکانی ژێرخاکی کوردستانی.

تۆ ئایەت و سورەی قورعان نی، تۆ رەمزی ئاڵوگۆرو نوێ کردنەوەی مێژوویی هاوچەرخی ئینسانی.

تۆ گەڵای وەریوی زەردی پایز نی ، تۆ شاگوڵی سەرتاقەو بزوێنەری روحی دارستان و هەناسەی هاوینی بێ بارانی.

تۆ شەوی ڕەش و ئەنگوستەچاو نی، تۆ برووسکەی هیوا و ڕۆژ ڕێژی ڕوونکەرەوەی ڕێگای ڕزگاری چەوساوەکانی.
تۆ نیگابانی کۆشک و تەلاری سەرمایەدارو چەوسێنەران نی، تۆ پارێزەرو پاسەوانی بەیداخی لووتکەی هەڵوێستی ئینسان و ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستانی.
تۆ شەمعی داگریساوی سەرمێزی مەشرووب خۆران و ناو گۆرستانی مردوەکان نی، تۆ ڕۆژی ڕووناکی خوادادی و مانگی چواردە و ئەستێرەی پرشەنگداری بەری بەیانی.
تۆ دووکەڵی تۆپ و بۆمبای ژەهراوی و ئاوردانی دامەرکاوی ناو کورەخانەکان نی، تۆ بوورکان و بروسکەی ئاوری نمروودی، سووتێنەری زووڵم و زۆرو چەوسێنەری.




تۆ میرزاو نووسەری دەربارو سەفارەتخانەکان نی. تۆ داهێنەری، تۆ مانشێتی سەرتیتری ڕۆژنامەکانی، تۆ سەرنوسەری ئەو دێرانەی کە وەشەکانیان بە خوێن دەنوسرێن، تۆ زیندووکەرەوەی مێژوویی نەتەوەی مادو پارێزەری کولتورو فەرهەنگی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کوردی.
تۆ نۆتی گیتارو کێبوردو مۆسیقای سەفاخانەکان نی، تۆ دەنگی شمشاڵی قالەمەرەی کورد و لایە لایەی دایکانی کوردستان و گمە گمەی کۆترو قاسپەی کەو ، دەنگی بە سۆزی بولبوول و سازی بێ نازی کوردی.

تۆ ئەی پێشمەرگە، کە تەواوی وەشە جوانەکان و فیداکاری و قارەمانەتی دوونیات پێ براوە، دەبێ بۆخۆت، خۆت چۆن پێناس بکەی؟
ناوی من پێشمەرگەیە، گیانم لە سەر لەپی دەست داناوە، هەر ئەوەم لە دەست دێت ئەویشم بە دیاری لە ڕۆژی خۆم دا بۆ گەل هێناوە.
ناوی من پێشمەرگەیە، ٢٦ی سەرماوەز بۆ من دیاری کراوە، لەو ڕۆژە دا پێشمەرگە دەست لە سەرسینگ و قەڵەم بە دەست و چەک بەشان بۆ پارێزگاری لە خاک و نیشتیمان بە پێوە بە بێ ترس لە مەرگ وەستاوە.
ئەی پێسمەرگە، کە گیانت بە دیاری بۆ گەل هێناوە، گەلیش وەکوو کێو لە پشتت ڕاوەستاوە،
من پێشمەرگەم، کوردستان قیبلەی ئاواتمە، نەتەوەی خۆم هێزووگیانمە، ئاوی ساردی کوێستان و بۆنی گوڵ و ڕیحانەی ئەو ئاو و خاکە دەرمانی زامەکانمە.
پیرۆزبێت ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە هەموو ئەو کەسانەی بۆ تاقە ڕۆژێک چەکیان لە شان کردووەو دیفاحیان لە کورستان کردوە، بەڵام نەکەوتوونە داوی دژمن و سەربەرزانە دەژین.
سڵاو لە هەموو ئەو کەسانەی کە گیانیان لە پیناوی ئازادی دا فیدا کردووە، چ لە زیندان و چ لە ناو شاخ و شارو دێهاتەکانی کوردستان.
ئەوانە هەموو شەهیدی ڕێگای ڕزگارین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ : ڕێکەوتی : ١٣ی دێسامبری ٢٠١١ سویس .

# ماندێلا: سونبولی مرۆڤایەتی



ماڵپەری سبەی :

**راپۆرتی : لاوک ئەمجەد**

رۆژی پێنجشەممەی رابردو نێلسۆن ماندێلا، لە تەمەنی (٩٥) ساڵیدا دوای مانەوی بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد.

ماندێلای یەکێک بو لەو سەرکردە خۆنەویستانەی کە تا دوا ساتەکانی ژیانی لەپێناو ئاشتی و مافی مرۆڤ نەمانی جیاوازی نێوان نەتەوەکان تێکۆشا، هاوکات یەکێک بو لەو سەرکردانەی جیهان کە پاڵپشتی لە مافی کورد کردوە، لەوپێناوەشدا لە ساڵی (١٩٩٢) خەلاتی ئەتاتورک بۆ ئاشتی پێبەخشرا، بەڵام ئەو رەتیکردەوە و وتی؛" ئەو خەڵاتە وەرناگرم چونکە کورد لە ژێردەستی تورکیا دا دەچەوسێتەوە."

## ژیانی تایبەتی ماندێلا



نیلسۆن رۆلیهلالا ماندێلا (Nelson Rolihlahla Mandela) ، لە ١٨ی تەموزی ساڵی ١٩١٨ لە دایک بوە، سەرۆکی پێشوی ئەفەریقای باشورە و بە یەکێک لە دیارترین بەرهەڵستکارەکان دژ بە سیاسەتی جیاکاری رەگەزی دادەنرێت کە لە ئەفەریقای باشو پەیرەو دەکرا، ئەنداماني هۆزەکەی ناویانابو (مادیبا) واتە پیاوی مەزن، ئەوەش پلەیەکە بە گەورەترین کەسایەتی نێو ئەو هۆزە دەدرێت.

هەمیشە ماندێلا بە مەهماتا غاندی دەشوبهێنرێت، ئەویش بەو فەلسەفە بەهێزەی کە هەیەتی لەبارەی دژایەتیکردنی توندوتیژی و پشتگیریکردنی ململانێی ئاشتیانە و روبەڕوبونەوەی گێژاو و ئاستەنگەکان بە هێمنی.


ماندێلا لە گوندێکی بچوک بەناوی (میزۆ) لە ناوچەی ترانسکای لەدایک بوە، باوکی سەرۆک هۆزی گوندەکە بوە، ماندێلا بە منداڵی باوکی لە دەستداوە، بەڵام کرا بە جێگرەوەی باوکی، هەمو ئامادەکارییەکی بۆ کرا تاوەکو شوێنی باوکی بگرێتەوە، باوکی ماندێلا خاوەنی چوار هاوسەر بوە و (١٣) منداڵی هەبوە، چوار کوڕ و نۆ کچ، ماندێلاش منداڵی ژنی سێیەمی باوکێتی و زۆربەی تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری لەو ماڵەدا بەسەربردوە.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، ماندێلا یەکەم ئەندامی خێزانەکەی بوە کە چوەتە بەر خوێندن، مامۆستاکەی نازناوی (نیلسۆن)ی بەسەردا سەپاند، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا باوکی لەدەستدا.

جگە لەوەش لە خوێندنگایەکی (بانگەشەکارانی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیح) دەیخوێند کە لەتەنیشت کۆشکی حاکم بوە، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا ماندێلا چوە پەیمانگای Clarkebury، کە بەیەکێک لە پەیمانگا گرنگەکان دادەنرێت، ئەویش بەهۆی بونەی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ رۆشنبیری خۆرئاوا، کاتێکیش تەمەنی گەیشتە ١٩ ساڵ، ماندێلا لە ساڵی ١٩٣٧دا، چوە شاری Healdtown و لە زانکۆی ویسلیان دەستیکرد بە خوێندن، ، جگە لە خوێندنەکەی ئارەزوی یاری راکردن و زۆرانبازی دەکرد.

دوای تەواوکردنی خوێندن لەو زانکۆیە، ماندێلا دەستیکرد بە خوێندن هاوشانی کچی حاکمی ئەو وڵاتە لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی فۆرت هیەر، دوای کۆتایی هاتنی یەکەم ساڵیش، ماندێلا و ئۆلیڤەر تامبۆ کە بەهاوکارێکی سەرەکی ماندێلا ناسراوە، بۆ یەکەمجار کۆبونەوە، دوای ئەوەش تامبۆ بەشداری دەکرد لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی خوێندراکانی زانکۆ.

پاش ماوەیەکی کەم ماندێلا و کچی حاکم هاوسەرگیریان کرد و بەناچاری بەرەو جۆهانسبۆرگ هەڵاتن، دواتر لە یەکێک لە کانەکانی ئەو شارە دەستیکرد بە کارکردن، بەڵام پۆلیس بەو کارەی زانی و ماندێلاش بە ناچاری وازی لەو کارە هێنا و دواتر دەستی کرد بە کارکردن لە نوسینگەی پارێزەری، ئەویش بەهاوکاری هاورێیەکی کچی بەناوی والتەر سیسۆلۆ کە لەوکاتەدا پارێزەربو، لەو ماوەشدا ماندێلا لەرێگەی ناردنی نامەوە خوێندنی لە زانکۆی ئەفەریقای باشور(UNISA) تەواوکرد و دواتر دەستی کرد بە خوێندن لە کۆلێژی یاسای زانکۆی ویتۆترسراند.



## چالاکی سیاسی

سەرەتای کاری ماندێلا لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیدا بو دژ بە حکومەتی ئەوکاتی باشوری ئەفەریقا کە بەدەست کەمینەیەکی سپیپێستەوە بو، کە سەرجەم مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی رەشپیشتەکانی رەتدەکردەوە، لە ساڵی ١٩٤٢دا ماندێلا چوە کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقا، کە پاڵپاشتی لە مافی رەشپیستەکان دەکرد لە باشوری سەنیغال. لە ساڵی ١٩٤٨دا حیزبی نیشتیمانی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، کە لەلایەن سپی پێستەکانەوە بەرێوە دەبرا، سیاسەتی رەگەزپەرستیان پەیرەو دەکرد و دەیانویست یاسای رەگەزپەرستی بخەنە نێو دامەزراوەکانی وڵاتەوە و لەو ماوەیەشدا ماندێلا بو بە سەکردەی هەڵمەتەکانی ئۆپۆزسیۆن دژ بەو سیاسەتانە.

سەرەتا ماندێلا بانگەشەی روبەڕوبونەوەی بێ چەکی دەکرد لە دژی سیاسەتی رەگەزپەرستی، بەڵام دوای ئەوەی لە خۆپیشاندانێکدا و لە ساڵی ١٩٦٠دا، تەقە لە خۆپیشاندەران کرا و بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی ئەوگروپانە درا کە دژی رەگەزپەرستی چالاکی دەکەن، ماندێلا و سەرکردەکانی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقا بڕیاری هەڵگرتنی چەکیاندا.

## دەستگیرکردن و بەندکردنی

ساڵی ١٩٦١ ماندێلا بو بە سەرۆکی باڵی سەربازی کۆنگرەی نیشتیمانی ئەفەریقا، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٦٢ ، ماندێلا دەستگیرکرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئەوەش بە تۆمەتی سەفەرکردن بە شێوەیەکی نایاسایی و ئەنجامدانی مانگرتن، ساڵی١٩٦٤ جارێکی دیکە سزای بەندکردنی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێندرا، بە تۆمەتی خیانەتی گەورە و دروستکردنی گروپی چەکداری، دوای مانەوەی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ، دەنگی ئازادکردنی ماندێلا بەرزکرایەوە، کە بو بە سونبولی رەتکردنەوەی سیاستەی رەگەزپەرستی لەوڵاتدا، لەمانگی (١٠)ی یۆنیۆ و ١٩٨٠ ، نامەیەک بڵاوبۆیەوە کە ماندێلا بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەفەریقای ناردبو و تێیدا نوسیبوی"یەکبرگرن، ئامادەبن و بجەنگن، لە نێوان جوڵانەوەی بزوتنەوەی گەل و چەکوشی روبەڕوبونەوەی چەکداری، دەتوانین رەگەزپەرستی راوبنێین".



ساڵی ١٩٨٥ بڕیاری ئازادکردنی ماندێلا درا لە بەرامبەر راگرتنی روبەڕوبونەوەی چەکداری، بەڵام رەتیکردەوە، ناوبراو تا ١١ی شوباتی ١٩٩٠ لە زینداندا مایەوە، بەڵام دوای هەوڵەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەفەریقا و فشارە نێودەوڵەتییەکان، بەبڕیاری سەرۆکی ئەوکاتی باشوری ئەفەریقا، فریدریک ولیام دی کلیرک ئازادکرا و ساڵی١٩٩٣ ماندێلا و فریدریک خەڵاتی نۆبڵیان بۆ ئاشتی پێبەخشرا.

## سەرۆکایەتی کۆنگرەی ئەفەریقی و ئەفەریقای باشور

ماندێلا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ تا ١٩٩٧ سەرۆکی کۆنگرەی ئەفەریقی بو، لە ساڵی١٩٩٤یشدا تا ساڵی ١٩٩٩ بو بە یەکەم سەرۆکی رەشپێست و لەماوەی حکومڕانیشیدا، باشوری ئەفەریقا لە قۆناغی حوکمی کەمینەوە رویکرد قۆناغی حوکمی زۆرینە، بەڵام ئەویش بێبەش نەبو لە رەخنەی چاودێران بەتایبەتیش بۆ روبەڕوبونەوەی ئایدز، لەگەڵ ئەو پەیوەندیە بەهێزەی لەگەڵ سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانی دژ بە ئەمەریکا وەکو فیدل کاسترۆکی سەرۆکی کوبا.



لەماوەی سەرۆکایەتیشیدا مانادێلا جەختی دەکردەوە لەوەی " ئێمە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەک هەوڵدەدەین، کە سەرجەم هاوڵاتیانی باشوری ئەفەریقا بە رەش پێست و سپی پێستەوە، بە سەرێکی بەرزەوە بەرێگادا برۆن و بەبێ ترس و دودڵی، هەروەها دڵنیابن لە مافە مەدەنی و مرۆییەکانیان".

ماندێلا زۆر کات ئەم رستەیەی دوبارەدەکردەوە و دەیگوت،"لە هەمو ژیانمدا خۆم تەرخانکردوە بۆ روبەڕوبونەوەی کۆنترۆڵی سپی پیستەکان و رەشپیستەکان، من داکۆکی لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و ئازاد دەکەم و ئامادەشم لە پێناویدا بمرم"

لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا ماندێلا توشی نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستارت دەبێت و دواتر چارەسەری پێویستی بۆ دەکرێت.

دوای ئازادبونیشی، ماندێلا لە بەشێکی بیرەوەرێکانیدا ئاماژە بەوە دەکات" کە لەراستیدا ئەوان هێشتا ئازاد نەبون، چونکە ئازادی تەنها دەربازبون نیە لە کۆت و بەند، بەڵکو ئازادی ئەوەیە کە بەشێوەیەکی شایتە ژیان بەسەر بەریت و رێز لە ئازادییەکان کەسانی دیکە بگریت و پەرەی پێ بدەیت".



### خانەنشینکردنی

دوای کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی، ماندێلا دەستبەرداری پۆستەکەی بو، بەڵام بەردەوامبو لە هاوکاریکردن لە گروپ و دەستە و رێکخراوەکان کە کار دەکەن لە پێناو مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا و چەندین خەڵاتی ریزلێنانی لەلایەن سەرۆکانی وڵاتانی جیهانەوە پێ بەخشرا، جگە لەوەش چەندین بۆچونی تایبەتی خۆی هەبوە لەسەر کەیسی فەڵەستین و رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی جۆرج دەبلیو بۆش و چەندانی تر.
ساڵی ٢٠٠٤ ماندێلا بە تەواوەتی بڕیاری وازهێنانی دا لە کاری سیاسەت و بڕیاریدا ژیانی ئاسایی خۆی بەسەر ببات کە ئەو کات تەمەنی ٨٥ ساڵ بو.

### ریزلێنانەکان لە ماندێلا

جگە لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی ١٩٩٣دا بە هاوبەشی لەگەڵ فریدیریک ولیام دی کلریک، ماندێلا زیاتر لە ٢٥٠ خەڵاتی نێودەوڵەتی و نیشتیمانی وەرگرتوە لەماوەی ٤٠ ساڵدا.


**کە گرنگترینیان:**

١- خەڵاتی جەواهیر لال نەهرۆ بۆ ئاشتی لە ساڵی ١٩٨٠

٢- وەرگرتنی خەڵاتی قەزافی بۆ مافی مرۆڤ لە هەمان ساڵدا

٣- ١٩٩٠: بەرزترین پلەی ریزلێنانی هیندی وەردەگرێت

٤- ١٩٩١: بە کۆتایی هێنان بە رژێمی ئاپارتید، لەگەڵ فریدیریک ولیام دی کلریک خەڵاتی **Félix-Houphouët-Boigny** بۆ ئاشتی وەردەگرن.




٥- ١٩٩٢: خەڵاتی مستەفا کەمال ئەتاتورکی رەتکردوە لەلایەن تورکیا و رایگەیاند:"ئەو خەڵاتە وەرناگرم چونکە کورد لەژێردەستی تورکیادا دەچەوسێتەوە."

٥- ١٩٩٥: خەڵاتی دکتۆرای شەرەفی وەرگرت لە زانکۆی واسید.

٦- ١٩٩٦: لە پورتوگال خەڵاتی رێزلێنانی لە پلەی **Infante Dom Henrique** وەرگرت.

٧- ٢٠٠٢: لەلایەن جۆرج دەبلیو بۆشەوە خەڵاتی ئازادی سەرۆکایەتی پێ بەخشی، لەهەمان ساڵیشدا لەلایەن شاژنە ئیلیزابێسی دوەم رێزلێنانی پێبەخشرا.

٨-٢٠٠٤: لەلایەن یانەی بۆدابێستی رۆمانییەوە، خەڵاتی رۆشنبیری هەسارەی پێبەخشرا.

٩- ٢٠٠٦: لەلایەن رێکخراوی لێبوردەی نێودەوڵەتییەوە خەڵاتی نوێنەری هۆشیارکردنەوەی پێبەخشرا.

١٠- لە مانگی ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ دەستی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، رۆژی ١٨ تەمموزیان وەک رۆژی نێودەوڵەتی ماندێلا دەستنیشانکرد.

### لە گرنگترین وتە بەناوبانگەکانی نیلسۆن ماندێلا

١- ئێمە خۆمان دەکوژین، کاتێک هەڵبژاردەکانمان لە ژیاندا کەمدەبێتەوە.

٢- لێبوردەیی مافە، بەڵام نابێت رابردو بەتەواوەتی لەبیر بکەین.

٣- گەورەیی ئەم ژیانە لە کەوتندا نیە، بەڵکو هەستانەوەیە لەدوای هەمو کەوتنێک.

٤- هیچ شتێک وەک گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە نیە، کە بەبێ گۆڕانکاری ماوەتەوە و دواتر دەبینی چ گۆڕانکارییەکت تێداکردوە.

٥- ئازادی بە پێک نادرێت، مرۆڤ دەبێت بەتەواوەتی ئازاد بێت یان بە تەواوەتی ئازاد نەبێت.

٦- گەمژەکان پێش ئەوەی بمرن، رۆژانە دەیان جار دەمرن، بەڵام بەهێزەکان تەنها یەکجار تامی مردن دەکەن.

٧- من لە نێوان دو جیهاندا هاتوچۆ دەکەم، یەکێک مردوە و ئەوەی دیکەشیان ناتوانێت لەدایک بێت، هیچ شوێنێک نیە سەر بخەمە سەری تاوەکو پشو بدەم.

٨- ئەگەر لە زینداندا بێمە دەرێ و هەمان ئەو دۆخە ببینمەوە کە لەسەری زیندانیکراوم، ئەوا هەمان کار دەکەمەوە لە پێناویدا کە لەسەری دەستگیرکرام.

# سێکۆلاریزم

## بەشی دووهەم و کۆتایی

### سێکولاریزم و سێکولاریزاسیۆن

(وەلاتانی دین لە پێکهاتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ) سێکولاریزم و سێکولاریزاسیۆن پەیوەندی نیزیکیان دەگەڵ یەک هەیە ، بەڵام یەک چەمک نین، جێوازی ناوەرۆکی ئەو جووتە دەکرێ دە وڵامی ئەو پرسیارە ،کە دین دە کۆمەڵگا دا چ نەخشێکی هەیە ، بدۆزرێتەوە . سێکولاریزم داخوازی هەرێمێکە سەر بەخۆ بۆ زانست ، بایخەگەل و هەڵسوکەتگەلێک کە بە دوور لە چاوەدێری دین بێ ، بەڵام بە هیچ چەشنێک نکوڵی لە نەخشی دین دە کار وباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا ناکا . بەڵام سێکولاریزاسیۆن ، بە واتای وەلاتانی دین لەو هەرێمانە دێ . دە ماوەی ڕەوتی سێکولاریزاسیۆن دا ، پێکهاتەکان ( واتە ڕێکخراو و دامودەزگاکانی ئابووری ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ) لە ژێر دەستەڵات و چاوەدێری دین دێنە دەر . بەر لە سێکولاریزاسیۆن ، دین ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستەڵات وچاوەدێری بە سەر ئەو دامودەزگایانەدا بوو. دە حاڵەتی ڕاستەوخۆدا ئەو پێکهاتانە لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی ڕێبەرانی دینی دا بوون ، بۆ وێنە تەنیا قەشەکان بەرپرس و بەڕێوەبەری مەدرەسەکان بوون . دە حاڵەتی ناڕاستەوخۆ دا ، ئوسوولی دین بنەمای بەڕەوەبەرایەتی ئەو پێکهاتانە بوو ، بۆ وێنە کاتێک مافی شارۆمەندێک بە پێی پێواری باوەڕمەندی بە دین هەڵدەسەنگێندرا . چ دە دەستەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دینیدا ، کاتێک دەکرێ بڵێین سێکولاریزاسیۆن بە کردەوە دامەزراوە کە دەستەڵاتی ڕێبەرانی دینی لە سەر ئەو پێکهاتانە ببڕێن و بسپێردرێنە دەست دەستەڵاتدارانی سیاسی ، یان ئەوەیکە ئاڵترناتیوێک بۆ دانانی لە جێی دەستەڵاتدارانی دینی بدۆزرێتەوە . ئەو ڕەوتە ئیمکانی ئەوە دەدا بە ئینسانەکان کە سەربەخۆیی خۆیان لە ڕاست ڕێبەرانی دینی بپارێزن _ و چیدی پێویست نەکا لە دەرەوەی کلیسا یان مزگەوت یان دەیرەکان یش هەر چاو لە زار و گوێڕایەڵ بن بۆ ئەو ناوەندە دەستەڵاتدارانەی دینی . ئاکامێکی ئەو کردەوەیەی سێکولاریزاسیۆن ،(جیایی کلیسا و دەوڵەت) لە یەکترن کە خۆی _ دەڕاستیدا ئەوچەمکە تا ئەو ڕادەیە وەبیرهێنەرەوەی سێکولاریزمە کە ئەودوو چەمکە جیای (دین و دەوڵەت) و (سێکولاریزاسیۆن) بە یەک شت دادەنرێن . بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ کە سێکولاریزاسیۆن ڕووداوێکە چەند لایەنە کە دە ناخی کۆمەڵگادا ڕوودەدا ، بە پێچەوانە جیایی دین ودەوڵەت تەنیا مانای سیاسی ئەو ڕووداوەیە دەگەیێنێ . جیاکردنەوەی دین ودەوڵەت دە ماوەی سێکولاریزاسیۆن دا بەو مانایە دێ کە پێکهاتە تایبەتییەکانی سیاسی _ کە بە ڕادەی جۆراجۆر دە ژێر دەستەڵاتی دەولەتدا ، لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دین دێنە دەر . ئەوەش بەو مانایە نییە کە دوای سێکولاریزاسیۆن پێکهاتەکانی دینی ئیدی ناتوانن لەمەر کار وباری گشتی جەماوەری و سیاسیدا نەدوێن ، بەڵکوو بەو واتایە دێ کە ڕوانگەی پێکهاتەکانی دینی نابێ بە سەر کۆمەڵگادا داسەپێندرێن ، و یان بە پێی ئەو ڕوانگەگەلە قانوونی بەڕیوەبەردنی کۆمەڵگا دابنرێن . دەکردەوە دا دەوڵەت دەبێ تا ئەو جێگایەی کە دەلوێ لە ڕاست باوەڕەکانی جۆراوجۆری دینی نێو کۆمەڵگا بێ لایەن بێ ، نە ڕێگر یان بێ و نە بەڕێوەبەر ویستەکانیان. ئەگەر چی سێکولاریزاسیۆن دەتوانێ بە شێوەیەکی هێوەر و ئاشتەوایی یانە بەرەوپێش بچێ ، بەڵام زۆر جاران ئاوا نەبووە بە داخەوە . مێژوو نیشانیداوە کە ڕێبەرانی دینی خاوەن دەستەڵاتی ماددی ، ئەو دەستەڵاتەیان بێ بەربەرەکانی نەداوەتە دەست سیاسەتوانانی سێکولار . بە تایبەت کاتێکی کە ئەو ڕێبەرانە پەیوەندی زۆر نیزیکیان دەگەڵ هێزە سیاسی بە پارێزەکانی کۆمەڵگا بووە ، ئەو بەربەرەکانییە تووندتر ودژوارتر بووە . دەئاکامدا ،سێکولاریزاسیۆن زۆر جاران ئاوێتەی شۆڕشی سیاسی بووە ،لە فەڕانسە کلیسا و دەوڵەت دوای شۆڕشێکی خوێناوی لەیەک جیا بوونەوە ، لە ئەمریکا ئەو جیایی یە ئاشتەوایی یانەتر بوو ، بەڵام تەنیا دوای شۆڕشێک و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ گونجا . دیارە کە مەبەستەکانی سێکولاریزم هەمیشە بێ لایەنانە نەبووە ، و قەتیش پێویست نەبووە کە سێکولاریزم دژ بە دین بێ ، سەرەڕای وەیکە سێکولاریزم داشدار و هاندەری ڕەوتی سێکولاریزاسیۆن یش بووبێ . ئەو کەسەی کە لایەنگری لە سێکولاریزم دەکا ، لانیکەم مەودایەکی بەربەرینتر لە مەیدانی چالاکی دین بە پێویست دەزانێ ، بەڵام لەوانەشە کە ئەوتۆ کەسێک ، لانیکەم دە بواری کار وباری دیاریکراوی کۆمەڵایەتی یشدا باوەڕی بە گۆڕەپانێکی سێکولار بۆ چالاکییەکانی هەبێ . کە وابوو ، جێوازی نێوان سێکولاریزم و سێکولاریزاسیۆن ئەوەیە کە سێکولاریزم زیاتر باسێکی فەلسەفییە لە مەڕ چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا ،بەڵام سێکولاریزاسیۆن حەولی دابینکردن و کەلکوەرگرتن لەو فەلسەفەیە یە _ حەولێک کە لە دەرفەتی پێویستدا توونـد وتیژی یش هەڵدەگرێ . لە کۆمەڵگای سێکولاردا دەنگی پێکهاتە دینی یەکان کپ ناکرێن . ئەو پێکهاتانە هەر وەک خۆیان بە ئاشکرا لە مەڕهەموو بوارەکانی گشتی کۆمەڵگادا خاوەنی بۆچوونی خۆیانن ، و بەڵام هیچ ئیمکاناتێکیان لێ ناستێندرێتەوە و هیچ بەرهەڵستێکیان بۆ سازناکرێ و دەستەڵاتداری ڕێبەرانیان دەکرێتە شتێکی تەواو خسووسی . هەر کەس کە بیهەوێ بە داب ونەریتی تەواوی مەزهەبی ژیانی خسووسی خۆی دابین بکا سەربەخۆیە و ئازاد دەهەڵبژاردنی ئەو شێوە ژیانە دا ، بێ وەیکە لە لایەم دەوڵەتەوە هانبدرێ یان بەرگری لێبکرێ .

## دین دە کۆمەڵگای سێکولار دا

جێی و ڕێی و نەخشی دین لە کۆمەڵگا دا دەتوانێ چبێ ؟ گووتمان کە سێکولاریزم دژی تێوەگلانی ڕووحانییەکانە دە کار وباری مەدەنی و گشتی کۆمەڵگادا ، دەی دە کۆمەڵگایەکی سێکولاردا چ نەخشێک بۆ دین دەمێنێتەوە ؟ بۆ قەرارە کە دین وردە وردە وبە لە سەرەخۆیی لاواز بکرێ و لە گۆڕەپانی کۆمەڵگادا وەلابنرێ ؟ ئەرێ خەریک بوونی دین بە هێندێک داب ونەریتی سەیر و ناگرینگ لە شان وباوی فەرهەنگی کەم دەبێتەوە ؟،ئەوانە هەموو پرسیارگەلێکن کە دژە سێکولاریزم و سێکولاریزاسیۆنەکان بۆیان بۆتە تەنگژەی فکری . ئەوان دەڵێن کە دین گرینگتر لەوەیە کە بەو شێوەیە لە دەور بکەوێ . لەبەرچاوگرتنی شتێک لێرەدا گرینگایەتێکی تایبەتی هەیە . زۆر جاران دەبیسین یان دەیخوێنینەوە کە سێکولارەکان دەیانهەوێ دین لە ژیانی گشتی وەدەر نێن و ئەوی بە ژیانێکی خسووسی سنووردار وبەرتەسک بسپێرن . پێیانوایە کە سێکولارەکان لە سەر ئەو باوەڕن کە لێر ولەوێ و لە کۆڕ وکۆبوونەوەی گشتیدا کەس نابێ لە دین بدوێ . ئەگەر چی لەوانەیە کە هێندێک لە سێکولارەکان خاوەنی ئەوتۆ بیر وبۆچوونێک بن ، ئەو بەرداشتەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە جێوازی بواری خسووسی وجەماوەری زیاتر یەک لێکدانەوەیان هەیە . بە باوەڕی سێکولارەکان خسووسی بوونی دین بە واتای خسووسی بوونی چۆنیەتی حیسابی بانکی ئەم وئەو نییە ،کە کەس نابێ خۆی تێهەڵقوتێنێ یان لێی بکۆڵێتەوە . لە مەڕ جەماوەری بوون یش سێکولارەکان ،ئەوەی بە واتای لە ژێرچاوەدێری بە مەبەستی پاراستن و جەماوەری کردنی شتەکان . دەزانن ،کە وابوو هەڵاواردەیی دین لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا بە مانای شاردنەوە و پاوانکردنی دین لە بیر وڕای گشتی نییە . بەڵکوو بە مانای نەبوونی پشتیوانی دەوڵەت لە دین دەبێ . کە وابێ خسووسی کردنی دین ، بە واتای سڕینەوەی ئەو نییە ، بەڵکوو دەبێتە ئەمرێکی خسووسی ئینسانەکان کە لە هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنیان سەربەخۆ و ئازادن . جا کە وایە دەبینین کە ڕەوتی سێکولاریزاسیۆن یان فەلسەفەی سێکولاریزم بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە وەلانانی دین ناکا . سێکولارەکان لە مەڕ نەخشی گونجاوی دین دە کۆمەڵگادا ،بۆچوونی جۆراوجۆریان هەیە . هێندێک کەللەڕەقانە لە سەر ئەو باوەڕن کە دین خێری بۆ کۆمەڵگا نییە و لە سەر ئەو باوەڕن کە دەبێ لە سەرەخۆ بە یەکجاری وەلابنرێ . بەڵام زۆریش هەن کە لە پاراستنی نەخشی دین دە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی باوەڕمەندان داکۆکی دەکەن . تەنانەت هێندێک سێکولار هەن لە پێکهاتەکانی کار وباری خێرخوازانەی دینی و چالاکی کۆمەڵایەتی ئەو پێکهاتانە بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەژاری و ئێش و ئازاری بەشمەینەتان داکۆکی دەکەن . ئەگەر دین لە کۆمەڵگایەکی سێکولاردا لاواز دەبێ _ چارەنووسێکە کە ڕەنگبێ ڕووبدا ( نابێ هەموو تاوانەکەی ڕاستەوخۆ بخەڕێتە ئەستۆی سێکولاریزم و سێکولاریزاسیۆن . ئەو دووە تەنیا دەبێ وەک هۆلە بەرچاو بگیرێن کە بوونە کەم مەیلی جەماوەرلە ڕاست دین .لە یەک کۆمەڵگای ناسێکولار(مەزهەبی) جەماوەر هەلومەرجی کەمتریان بۆ لە بەرچاونەگرتنی دین یان وەلانانی ئەویان هەیە . ئەوتۆ خەڵکێک ڕوو دەهەر جێگایەک کە بکەن یان ڕووبەڕووی چاوەدێری دەستەڵاتدارانی دینی دەبنەوە ، یان دەبێ گوێڕایەڵی ڕێبەرانی دینی بن کە سەراسەری ژیانیان ،لە ژێرچاوەدێری ئەوان دایە . دە کۆمەڵگایەکی سێکولاردا هیچکەس بە تۆبزی ناکرێ کە دەستەمۆی دین یان بایخەکانی دین بکرێ ، مادام خۆی بە دڵ لە دین داکۆکی نەکا . ئەگەر تاقمێکی زۆر لە خەڵک خۆیان دینیان هەڵنەبژاردبێ ، تەشکیلاتی دینی بە هۆی لەکەمیدانی لایەنگەران و ئەندامانی داهاتی کەم دەبێتەوە . هەڵبەت دەبێ حەق بە ڕێبەرانی دینی بدرێ کە دەو کاتانەدا ئەگەر لە هەلومەرجەکە ناقایل بن، دژایەتی سەرۆکەکانی دین دەگەڵ سێکولارەکان و سێکولاریزاسیۆن دوو هەڵەی گەورە وەخۆی گرتووە. هەڵەی هەووەڵ ئەوەیە کە ئەوان بەرپرسیارەتی ئەوتۆ تەنگژەیەک داوێنە سەر شانی سێکولارەکان ، ئەوان لە جیاتی وەیکە هێرش بکەنە سەر سیکولارەکان کە بۆچی ئیزنتان داوە بە خەڵک کە دین وەلانین ، دەبێ سرنج بدەنە ئەو بەشە و پرسیار بکەن کە ئەرێ بۆ خەڵک لە دین وەرگەڕاون ؟ هەڵەی دووهەم ئەوەیکە ، هەر حەولێک وەک هێرش بۆ سەر سێکولاریزم لە بنەڕەتەوە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە نوێنەرانی دین ،ناتوانن پشتیوانی جەماوەری خەڵکیان بێ ،ئەگەر دیاریکردن و هەڵبژاردنی دین وەک شتێکی تاکەکەسی و خسووسی لە لایەن خەڵکە چاولێبکرێ . ئەوبابەتە دەتوانێ بەتەواوی درووست بێ ،کە قەبووڵکردنی ئەو ڕەوتە بۆ دەستەڵاتدارانی دین دەبێتە کارەسات _ ئەگەر چی هێشتاش ئەو ڕێبەرانەی دینی دژ بە سێکولاریزم ئەو شتەیان لە بەر چاو نەگرتووە .ئەوان بە پێی بەڵگەگەلێک ، کەلە تێگەیشتنی ئەو نوکتەیە خۆ دەپارێزن کە ئەو دینەی کە بە تۆبزی وزەبر و زەنگ و بەنادڵی بە سەر خەڵکدا دادەسەپێ خاوەن ئەو ڕێزە نییە کە دەبێ ببێ . ئەگەر ڕێبەرانی دین بە ڕاستی هاتبنە سەر ئەو باوەڕە کە تۆبز و زەبر و زەنگ تەنیا ڕێگایەکە بۆ پاراستنی دین ، ئەوان سەلماندوویانە کە دین خۆی دە خۆیدا ئەو تەقدووسەی کەلێی دەدوێن نییەتی._ و ئەو بۆچوونە کە سێکولارەکان جەختی لە سەر دەکەنەوە و دەڵێین بۆ بەختەوەری گشتی جەماوەر پێویست ناکا کە خۆمان بە دین هەڵاوەسین.

## ڕخنەگرانی سێکولاریزم

(سیکولاریزم بۆ خۆشەویستی هەمووان نییە ؟) پێویست بە گوتن ناکا کە هەموو بە گشتی سێکولاریزمیان بە دڵ نییە . تانانەت ئەوڕۆش هەن کەسانێک کە نە هەر سێکولاریزم و سێکولاریزاسیۆنی دە بەرژەوەندی گشتی دا نابینن ، بگرە بەڵگەش دینەوە کە سێکولاریزم سەرچاوەی هەموو نەخوشینییەکانی کۆمەڵگایە . بە باوەڕی ئەوان ،تکۆڵی لە سێکولاریزم و پەسەندکردنی بنەمایەکی دینی بۆ سیاسەت و فەرهەنگ ،کۆمەڵگایەکی سەقامگیرتر ، بە ئەخلاقتر، و دەئاکامدا نەزمی کۆمەڵگایەکی باشتری لێدەکەوێتەوە ، بەڵام ئەرێ ڕەخنەگران لە سێکولاریزم ڕاست دەکەن ؟ یەکێک لە باوترین ڕەخنەکان لە سێکولاریزم وەک یەک فەلسەفە ڕەخنە لە جەختکردنەوەی سێکولاریزم لە سەر ژیانی ئەو

دونیاییە یە لە جیاتی ژیانی دوای مردن یا بەختەوەری ڕووحی مرۆڤ . بە پێی بنەمای سێکولاریزم ، کار و کردەوە و باوەڕی ئێمە دەبێ زیاتر و گرینگتر لە هەموو شت لە سەر بنەڕەتی ڕەوتی ئێستا و حاڵی حازر بێ و ئەو کارانەش بۆ ژیانی خۆمان و ئینسانەکانی دیکە بێ . سێکولارەکان هیچ جەخت لە سەر نکۆڵی لەژیانی دوای مردن ناکەن ، بەڵام باوەڕمەندن و دەڵێن بوونی ئەگەری ژیانی دوای مردن نابێ ببتە هۆی ئەوەیکە هەموو هەلومەرجێکی باش و هەڵکەوتوو بدرێتە کەسانێک کە خۆیان بە دین هەڵواسیوە و دەڵێن کە ئەوە دامانناکە دوای مردن زیندوو دەبینەوە ، لە بەروەیکە هیچ پێکهاتنێک لە مەر ئەو شتە و ڕێگاگەلی گەییشتن بەو بەختەوەرییە کە دوای مردن قەرارە ببێ دە نێوان دا نییە ،نابێ هیچ ڕێگایەک بە ڕێگایەکی دیکە بە باشتر یان نیزیکتر دابنێن . لەبەر وەی ئێمە ناتوانین لە سەر ئەو شتە پێک بێین ، کە ئەرێ لە بنەڕەتەوە ئەوانەی کە دین باسیان دەکا هەن یان نا ، وئەگەر هەن ژیانێکی بەختەوەرانەی دوای مردن پێویستی بە چ شێوە ژیانێکە لە سەر ئەو دونیایە ،کە وابێ خەریکبوون بە کار وباری مێتافیزیکی و لە سەرووی سروشت ناتوانی هەڵسوکەوت و مەبەست و باوەڕگەلێکی عاقڵانەی ئێمە بێ . هەڵبەت ئەو ڕوانینە تەواو دژی ڕاهێنانەکانی زۆربەی دینەکانی دونیایە یە . دینەکان یش داخوازی باشترکردنی ژیانی مرۆڤایەتی هەن ،بەڵام داخوازییەکانیان زۆرجێوازە دەگەڵ هی سێکولارەکان . دڵکورکەی بنەڕەتی دین ئاکامی ڕووح ، کردەوەی ئێمە یان شیرەی شتێکی دیکەیە کە لە ژورووی دونیای مادی ئێمەوە یە . کە وابوو ئامانجی دونیایی و مادی یان پێ ناتەواوە و تەنانەت بە نەگونجاوی یشی دەزانن لەبەر وەیکە بە پێی باوەڕی دینی ،کار وباری دونیایی ئامانجێکی دورووست نییە بۆ ژیان . چ ڕەخنەگران لە سێکولاریزم ڕاست بکەن یان هەڵە ،ئەو ڕەخنەیە لە سێکولاریزم وەک فەلسەفەی شەخسی دادەنرێ ، بەڵام کاتێکی سێکولاریزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی لە بەرچاوبگیرێ ، وسێکولاریزاسیۆن یش وەک ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابنرێ ، ئەو ڕەخنەیە بێ ئینسافانەیە . لەبەروەیکە ئەگەر ئێمە دایبنێین کە ڕاهێنانی دینی ڕێگایەکی دورووستە ، دەستەڵاتی سیاسی یان کۆمەڵایەتی ئەو ڕاهێنانە بە سەر هەموو جەماوەری خەڵک نابێتە پاساوێکی گونجاو . لەوانەشە خەڵک تەسمیم بگرن کە لەژیانی شەخسی خۆیاندا سێکولار نەبن ، تەنانەت لەوانەشە ئەو تەسمیمە دورووست بێ ، بەڵام خۆیان دەبێ ئەوە هەڵبژێرن نە ئەوەیکە کەسانێکی دیکە تەسمیمیان بۆ بگرن . سێکولاریزم وەک فەلسەفەیەکی شەخسی ، نکۆڵی لە دەستتێوەردانی بوونەوەر یان بایخەگەلی لەسەرووی سروشت لە ژیانی تاکەکاندا دەکا ، بەڵام سێکولاریزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسی تەنیا نکۆڵی لە دەستتیوەردانی بوونەوەر یان بایخەگەلی لە سەرووی سروشت دە کار وباری کۆمەڵایەتی دا دەکا. ڕەخنەیەکی دیکە لە سێکولاریزم ،کە دەپەیوەندی زۆر نیزیک دەگەڵ ڕەخنەی پێشوودا ، ئەوەیە کە سێکولاریزم ناتوانێ بنەمای قایم بۆ ئەخلاق پێکبێنێ . بە گوتەی ڕەخنەگرانێک کە ئاماژەیان پێکردووە ، ئەخلاق پێویستی بە وەرگرتنی بایخگەلی لەسەرووی سروشت (مێتافیزیکی ) ، ئەبەدی و موتڵەق هەیە و فەلسەفەکانی ماتریالیستی یان ئەو دونیایی یانە ناتوانن ئەو بنەمایانە دابڕێژن .کاتێکی کە نیزامەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی پشت دەو جۆرە بنەمایانە بکەن ، دەو بوارەشدا قسەیەکیان پێ نییە کە بیکەن _ونیزامی کۆمەڵایەتی دە نەبوونی ئەخلاق تووشی تێکە ولێکە و گەندەڵی دەبێتەوە ، ئەو بێ سەرەو بەرەیی یە فەوتانی لێدەکەوێتەوە . ئاستەنگی سەرەکی ئەو ئیرادە ئەوەیە کە بۆچوونی زۆر هەن کە ناتوانرێ بسەلمێندرێن ،وەک کە دڵێین ، ئەگەر بایخەکانی لەسەرووی سروشت هەبن ، ئەگەر ئەو بایخانە بۆ پاراستنی ئەخلاق پێویست بن ، و ئەگەر فەلسەفەی ماتریالیستی نەتوانێ بنەمایەک بۆ ئەخلاق دابین بکا _ و زۆریەک لە فەرزییە و بۆچوون و ئەگەرەکانی دیکە کە دورووستبوونیشیان هەر جێی پرسیارن ، ئەوکات ئەو ئیرادە دەتوانێ بە جێ بێ ، مخابن ، هەر یەک لەو فەرزییە و بۆچوونانە زۆر بە سانایی دەکرێ هەڵە بن ، و بەڵگەگەلێکی بە هێزمان هەیە کە تا بڵێین کە زۆربەی ئەو بۆچوونانە بە ڕاستی هەڵەن ، بۆ ڕەتکردنەوەیان هەر ئەوەندە بەسە نیشانی بدەین کە یەکێک لەو بۆچوونانە هەڵەیە ،وتا ئەو جێگایە کە زۆربەی ئەو فەرزییانە جێی دوڕدۆنگین،خودی ئێرادەکە دەخۆیدا جێی دوڕدۆنگییە . موشکیلێکی دیکەی ئەو ئیرادە ئەوەیکە ئەگەر تەنانەت قەبووڵیشی بکەین کە هەموو ئەو بۆچوونانە سەرجەم بە گشتی لە جێی خۆیان بن ،چۆن دەتوانین قەبووڵی بکەین کە بە مانای خاسی شتەکە دورووستن ؟بە واتایەکی هاسانتر ، ئێمە ناتوانین بوونی بایخەکانی کەلە سەرووی سروشتن بە گشتی قەبوول بکەین، بەڵکوو دەبێ بوونی بایخەگەلی خاس ، ونیزامی ئەخلاقی خاس قەبووڵ بکەین . بەڵام کام نیزامی باوەڕمەندی دینی دەبێ قەبووڵ بکەین و وەک بنەمای نیزامی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەلکی لێوەربگرین تا دەستەڵاتداری بکا لە سەر ئەو کەسانەی کە خاوەن باوەڕ بە دینێکی دیکەن ؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارە نەتوانرێ بدرێتەوە ئەوکات بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و پلوراڵ گەرا قەبووڵکردنی سێکولاریزم لە بەروەیکە لە ڕاست داخوازی تایبەتمەندی دینەکانی جۆراوجۆر بێلایەنە ،گونجاوتر و شیاوترە. لەبەر وەیکە سێکولاریزم لەهیچ جۆرە نیزامێکی دینی داکۆکی ناکا ،لە سەرووی دانانێ و بە سەر خەڵکیشیدا داناسەپێنێ . دەئاکامدا ،ئیرادی لاوازی دیکەش کە دێنە گۆڕێ ئەوەیەکە ڕەوتی سێکولاریزاسیۆن دەبتە هۆ کە خەڵک لە ڕیشەکانی دینی و فەرهەنگی خۆی نامۆ دەبن . بە گشتی ئەو ئیرادە لە لایەن مەسیحییەکانی بە پاریز دێتە گۆڕێ ،بەڵام موسڵمانان و یەهوودییەکانی بە پاریز یش هەر ئەو ئیرادەیان لە سێکولاریزم گرتووە. بە بۆچوونی ئەوان فەوتانی دەستەڵاتی دین دە کۆمەڵگای سێکولاردا دەبتە هۆی ئەوەیکە خەڵک کەمتر دەرفەتی پێراگەییشتنیان بە ئوموڕاتی دینیان کە میراتێکی فەرهەنگییانە دەبێ . ئەو پاساوە سرنجڕاکێشن ،بەڵام بێ بنەمان ، دورووستە کە ئەمرکاییەکان ئەورۆ زۆر کەمتر لە ئەمریکاییەکانی سەدەی نۆزدە لە مەسیحییەت دەزانن . ئەو چۆنیەتییە لە ڕوانگەی ڕاهێنانانەوە جێی داخە ،بەڵام ناتوانێ یەک پاساوی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بێ . خەڵک لە مێژووی یونانی باستان و سیاسەت و فەرهەنگی ڕۆم یش کەمتر لە سەر ڕابردووی ئەو دووە دەزانن _فەرهەنگگەلێک کە بێ شک نەخشی گرینگیان دە ڕسکانی فەرهەنگی ڕۆژاوا دا هەبووە . ئەوە نەزانییەکە کە جێی داخە ، بەڵام بەو مانایە نییە کە دەبێ بایخەکانی دینی یونانی یان ڕۆمی بێنینە ناو نەزمی سیاسی یان پێکهاتەکانی فەرهەنگی خۆمان . نەبوونی زانیاری خەڵک لە مێژووی مەسیحییەت و نەریتەکانی ئەو یش بەو ڕادەیە جێی داخە ، نە زیاتر . هەڵبەت سەرۆکە بە پاریزەکانی دینی دەگەڵ ئەو وڵامە نین . کاتێک ئەربابەکانی دین دەستیان لە دەوڵەت و فەرهەنگ کورت دەبتەوە ،ئیمکانی وەدەستهێنان و وەرگرتنەوەی ئەو دەستەڵاتە لەکیس

چووانەیان هەر دێ کەمتر و دژوارتر دەبێ .جا دیارە ئەوان دەگەڵ ئەو هەلومەرجە ناگونجێن _ بەڵام دە کۆمەلگای سێکولار دا دەوبوارەدا ئەوتۆکارێکیان لە دەست نایە . ئەگەر باوەڕەکانیان خوازیاری بێ، تەنیا سەبارەت بە خۆشەویستی باوەڕەکانیانە لە لای خوازیاران .کاتێک کە ڕێبەرانی دینی لە دەوڵەت یان فەرهەنگ یارمەتی وەردەگرن ، لە بنەڕەتەوە سەلماندوویانە کە باوەڕیان بە تەنیایی توانایی ڕاکێشانی سرنجی خوازیاران نییە . بەڕوونی هیچ هەڵەیەک دەوئیدیعایەدا نییە، کە خەڵک نابێ سێکولاریزم وەک فەلسەفەیەکی شەخسی چاوی لێبکەن _ دە بازاڕی باوەڕاندا بوونی ڕوانگەگەلی جۆراوجۆر و دژبەیەک دەستکەوتێکە بۆ دیموکڕاسی ، بەڵام تەنیا ئەو فەلسەفانە خوازیاری وەلانانی پێکهاتەکانی سێکولاریزم وەک گورەپانێکی گشتی جەماوەری بۆ دیالۆگی دینە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی ڕاکێشانی سرنجی شارۆمەندان بۆ لای خۆیان بن ،کە بەدوای زاڵبوون بە سەر کۆمەلگا و داخستنی ئەو دووکان وبازارە پلوراڵیبییەوەن بۆ خۆ داسەپاندن .

## سێکولاریزم

سێکولاریزم بە گشتی بە مانای بەرهەڵستکاری بۆ خۆتێوەگلانی دین دە تەواوی کارو باری گشتی کۆمەڵگا دا دێ .ئەو بۆچوونە بە گشتی ڕیشەی دەچاخی ڕوونبونەوەی جەماوەری لە ئوروپا دا هەیە .چەمکەکانی وەک جیایی دین لە سیاسەت ، جیایی کلیسا لە حکومەت لە ئەمریکا ، و لائیسیتە لە فەڕانسە لە سەر بنەمای سێکولاریزم دامەزراون .مەبەست و بەڵگەکان بۆ سەلماندنی سێکولاریزم زۆر بەر بەرینن . دە لائیسیتەدا لە ئوروپا باسکراوە کە سیکولاریزم جووڵانەوەیەکە بەرەو مۆدێرنیتە ( نوێژەنکردنەوە ) و دووربوونەوە لە بایخەکانی دینی . هێندێک بەڵگە دەهێننەوە کە سێکولاریزم لە ئەمریکا زیاتر خەریکی بەرهەڵستکاری لە تێوەگلانی دین دەحکومەتدا بووە ،بەڵام بە پێچەوانە دە بەستێنی کاری کۆمەڵایەتی دا کەمکار بووە- لە زۆر وڵاتان جووڵانەوەی ڕامیاری جۆراوجۆری سێکولاریزم بە هۆگەلی جۆراوجۆر پشتیوانی لێکراوە .وشەی سێکولاریزم بۆ هەووەڵین جار لە لایەن نووسەری بریتانیای .جۆرج هالی ئووک دە ساڵی ١٨٤٦ زایینیدا دەکارکراوە . لەسەروەشرا کە ئەو چەمکە نوێ بووە ، بەڵام مانای گشتی ئازادی کە سێکولاریزم لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە ، بە درێژایی مێژوو هەر هەبووە . بیرۆکەکانی سەرەتایی سێکولار دەتوانرێ دە بەرهەمی ( ئەو گەشەیە ) ی (ئۆرۆس ) دا ببیندرێتەوە . ئەو و ڕێرەوانی مەکتەبی (ئۆرئۆئیسم ) باوەڕیان بە جیایی دین لە فەلسەفە بوو .هالی ئووک بیرۆکەی کە دین وکۆمەڵگا لێک جوێ بن ،بێ وەیکە حەولی دابێ کە ڕەخنە لە بیر و باوەڕی دینی بگرێ، هێناوێتە گۆڕێ . هالی ئووک لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە سێکولاریزم وەک ڕەوتێکی دژە مەسیحییەت نایەتە کایەوە ، بەڵکوو سەربەخۆ دەبێ و سێکولاریزم تەنیا دەپژێتەسەر ئەوە کە تاقەڕێگای ڕوون سێکولارە.زانیارییەکانی سێکولار بە شێوەیەکی ڕوون دەو ژیانەدا بەرچاودەکەون و دەتوانن هەر دەو ژیانەشدا تاقی بکرێنەوە .تا ئەو جێگایە کە چەمکی سێکولاریزم دە بواری جۆراوجۆردا کەلکی لێوەردەگیرێ ، مانای ڕوونی یشی هەر بە پێی گوێنی دەکارکردنی دەتوانێ جێواز بێ . فەلسەفەی سێکولاریزم لە سەر ئەو بناخەیە دانراوە کە ژیان بە لە بەرچاوگرتنی بایخەکان ماقووڵە و دونیاش بە کەلک وەرگرتن لە بەڵگە و مەنتیق و بێ کەلک وەرگرتن لە واتاکانی وەک خودا یان خوداکان و یان هەر هێزێکی تری لەسەرووی سروشت(مێتافیزیکی ) ، باشتر دەکرێ شرۆڤە بکرێ .دە حکومەتدا مانای سێکولاریزم ، نەبوونی ئاسەواری تیوەگلانی باوەڕگەلی دینی دە کار وباری حکومەتدا و لە پێشەوەبوونی مافی مرۆڤ لە پێش هەموو بایخەکانی بە زەین داهاتووی هەر دەستە وتاقمێکی دیکە یە .لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە، سێکولاریزم بە هەر هەلومەرجێک دەگوترێ کە تێیدا ،کۆمەڵگا بایخەکانی مەزهەبی کەمتر ئاوێتەی هەڵوێستەکانی بکا ویان ئەوبایخانە، کەمتر ببنە هۆی وەدیهێنانی دووبەرکی وئاژاوە یان بەگژیەکداچوون.وشەی سێکولاریزم دە زمانی لاتینی دا بە مانای ( ئەورۆیی )،( دونیایی )، ( دونیایانە ) و بە پێچەوانەی ( دینی ) یان ( ڕووحانی ) یە . ئەورۆ کاتێک لە سێکولاریزم وەک یەک ڕاهێنان (دوکتورەین ) دەدوێن ، مەبەست لە هەر فەلسەفەیەکە ، کە ئەخلاقی بێ هیچ پەیوەندێک بە دوگماتیسم و دەمارگرژی دینی بنیات دەنێ و بەدوای پێشوەخستن وگەشەپێدانی زانستگەل و فەنگەلی مرۆڤایەتیەوە دەبێ . سێکولاریزم ئەگەر چی لە زۆر وڵاتان زیاتر ناوەڕۆکی سیاسی هەیە و لە جیاتی مۆرکێکی سیاسی کەلکی لێوەردەگیرێ بەڵام لە بنەڕەتڕا مانای( زانست ناسانە )ی هەیە هەر بۆیەشە دە زۆربەی نووسراوەکان لە سەر ئەو چەمکە بە ئەورۆیی و دونیایی لێکدەدرێتەوە . بێرنارد لووئیس مانای سێکولاریزم ئاوا لێکدەداتەوە : وشەی سێکولاریزم لەدەستپێکەوە دە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدە دە زمانی ئینگلیسی دا دەکارکراوە ، و ئەغڵەب هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئیدئۆلۆژیکی بووە . دەهەووەڵین جاری کەلک لێوەرگرتنی باسی وەک شێوە ڕاهینانێک کراوە کە بە پێی ئەو دەبێ لە سەر بنەمای لە بەر چاوگرتنی ئەخلاقێک بێ کە پەیوەندی بە ڕزگاری دونیایی مرۆڤایەتی یەوە بێ ، و لەبەرچاوگرتنی هێزی مێتافیزیکی و ژیانی دوای مردن دەبێ وەلابنرێ . پاشان سێکولاریزم یان بە مانای بەرینتر دەکارکرد و پێکهاتەگەلی گشتی ، بە تایبەت ڕاهێنانی گشتی دەبێ سێکولار بێ نەک دینی . ئەورۆ ئەوەیان ئەغڵەب وێڕای ( جیایی ) پێکهاتەکانی دینی و دەوڵەتی دەکار دەکرێ ، کە تاڕادەیەک بەرابەرە دەگەڵ وشەی فەرانسەییەکەی laicisme (لائیسیتە ) کە ڕێی دە زمانەکانی دیکەش کەوتووە بەڵام هێشتا دە ئینگلیسی دا دەکار ناکرێ . دەپەیوەندی دەگەڵ دەوڵەتدا ،ئەورۆ زۆربەی دەوڵەتە گرینگەکانی دونیایە سێکورلاریزم و دیموکڕاسی یان سەلماندووە . ئاکامی بەکردەوەی سێکولاریزم ،جیایی کلیسا و دەوڵەتە _ دەڕاستیدا ئەو ئاکامە بە چەشنێک وەبیرهێنەری سێکولاریزاسیونە کە ئەغڵەب ئەو جووتە بە یەک چەمک دادەنێن ، و ئەغڵەب لە جیاتی (سێکولاریزاسیۆن ) لە جیایی کلیسا لە دەوڵەت دەدوێن . بەڵام دەبێ لەبەرچاوی بگرین کە سێکولاریزاسیۆن ڕەوتێکە چەند لایەنە کە دە ناخی کۆمەڵگا دا ڕوودەدا ، دە حاڵێکدا جیایی دین و دەوڵەت لێکدانەوەی

بواری سیاسی ئەو ڕەوتەیە . جیایی دین و دەوڵەت دە ماوەی سێکولاریزاسیۆندا بەو مانایەیە کە پێکهاتەکانی تایبەت بە سیاسی _کە بەڕادەی جۆراوجۆر لە ژێر چاوەدێری دەوڵەتدان _ لە ژێر دەستەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دین ڕزگار دەبن . ئەوە بەو مانایە نییە کە دوای سێکولاریزاسیۆن پێکهاتەکانی دینی ئیدی ناتوانن لە مەڕ کار وباری گشتی و سیاسی بدوێن ، بەڵکوو بەو مانایەیە کە بیر وبۆچوونی پێکهاتەکانی دینی نابێ بە سەر کۆماڵگادا زاڵ بن وبەڕێوەبەرایەتی وەستۆبگرن ، و یان نەکرێتە سەرچاوەی دارشتنی سیاسەتە گشتییەکان بۆ بەڕێوەبەری کۆمەڵگا . بە کردەوە ،دەوڵەت دەبێ تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ و دەلوێ لە ڕاست بیر و باوەڕی دینە جێوازەکانی کۆمەڵگا بێ لایەن بێ ،واتە نە بەرهەڵسەتکاریان بێ و نە بەرپوەبەر و لایەنگری وێستەکانیان . سێکولاریزم ئەغڵەب لە ژێر تیشکی چاخی ڕووناکبیری لە ئوروپا دا دێتە گۆرێ کە ئاسەواری سەرەکی بە سەر کۆمەڵگای رۆژئاواوە بووە . جیایی دین لە سیاسەت لە ئەمریکا و لائیسیتە لە فەڕانسە بە چەشنێکی بەرین لە سەر بنەمای سێکولاریزم دارێژراون . هەڵبەت بیرۆکەی جیایی دین و دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات یش لە هیند لە دەورانی زۆر زووەوە ڕیشەی داکوتاوە . دەوڵەتی نوێی هیند یش لە سەر بنەمای بایخەکانی سێکولاریزم سازکراوە وتاڕادەیەکی یش دەو بوارەدا سەرکەوتوو بووە . بە باوەڕی سێکولاریستەکان باشترە سیاسەتوانان بۆ هەڵوێست گرتن لە جیاتی بەڵگەی مەزهەبی لە بەڵگەگەلی سیکولار کەلک وەرگرن ، هەر بۆیەشە دە هەڵوێستەکانی سیاسی بە مەبەستی چارەسەری ئاستەنگەکانی وەک لەبەر بردنی منداڵ (کورتاژ )، لێکۆڵینەوە لە مەڕ سلولی چاوگە ، و فێرکردن و ڕاهێنان و ئامۆژگاری سێکس ، ڕێکخراوە سێکولارەکانی وەک Center for Inquiry لە ئەمریکا زۆر پێداگری لە سەردەکا . تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر لائیسیتە، دروشمی کۆماری فەرانسە لە دوای پەسەندکردنی قانوونی جیایی دین لە سیاسەت دە ساڵی ١٩٠٥ دا لە سەر ناقووسی یەک کلیسا لە ئایس لە هەرێمی ( وار ) نووسراوە . ئەوتۆ نووسراوەیەک زۆر دەگمەنن و ئەو نووسراوەیە دە جێژنی ساڵوەگەڕی دوسەت ساڵەی شۆڕشی فەڕانسە دە ساڵێ ١٩٨٩ دا نوێژەن کرایەوە . دە زمانی فەڕانسەیی و هێندێکی دی لە زمانەکانی ڕوومی و ئیتالیایی دا ( laticia ) یان ( laicismo) وەک هەمبەری سێکولاریزم هاتووە و بە مانای تێوەنەگلانی دین دە کار وباری دەوڵەتی و سیاسەت ویان بە پێچەوانەوە واتە تێوەنەگلانی دەوڵەت دەکار وباری پێکهاتەکانی دینی . ئەگەر چی وا دەردەکەوێ کە هیچ وشەیەک دە زمانی ئینگلیسی دا ناتوانی مانای ڕاستەقینەی laicite ی کە لە وشەی یۆنانی λαϊκόςیەوە هاتووە وبە مانای سێکولارە بگەیێنێ . لە نێوان لائیسیتە و سێکولاریزم جێوازی هەیە و لائیسیتە یەک بیرۆکەی سیاسی یە کە بە پێی ئەو دین لە سیاسەت جوێ یە و ئەو بیرۆکەیە بە مەبەستی بەرینکردنی ئازادی یەکانی دینی پێشنیار کراوە ، دەحاڵێکدا سێکولاریزم بە مەبەستی سڕینەوەی ئیمان دینی لە ڕەوتی ڕۆژانەی ژیانی جەماوەر پێشنیارکراوە ، لە سەرەوەشڕا جاری وایە چەمکی سێکولاریزم و سێکولاریتە بە مانای لائیسیتە دەکار دەکرێ . کەسێکی باوەڕمەندە بە لائیسیتە بە لائیک دەناسرێ . لایەنگرانی مەکتەبی لائیسیتە لە سەر ئەوباوەڕەن کە ئەو چەمکە بە مانای ڕزگاری دینە و کە وابوو چالاکی یەکانی دینی دەبێ دە چوارچێوەی قانوون دا وەک هەموو چالاکی یەکانی دیکەی کۆمەڵگا خۆ بنوێنێ و شتێک نییە لە سەرووی قانوونەوە بێ . دەوڵەت لە ڕاست بۆچوونەکانی مەزهەبی دا هیچ چەشنە هەڵوێستێک ناگرێ و تاکەکانی مەزهەبی یش هەر وەک باقی دانیشتوانی کۆمەڵگا سەیر دەکا . ڕەخنەگران بە تایبەت شێوەی تورکی لائیسیتە و بەرهەڵستکاری دەگەڵ چارشێو و سەرپێچی ژنان (حیجاب ) لە فەڕانسەی وەک بەڵگە دێننەوە کە ئەو ئیدۆئۆلۆژی یە دژی مەزهەبە و بە کردەوە ئازادی یەکانی دینی بەرتەسک دەکاتەوە (کەمدەکاتەوە ) . دەکتێبی سێکولاریزمی ئینگلیسی داکە هالی ئووک ساڵی ١٨٩٦ نووسیوێتی تا جێیەکی پەیوەندی بە ئەخلاقی سێکولارەوە هەیە دەڵێ : سێکولاریزم شێوە و قانوونێکی ژیانە کە لە سەر بنەمای ئینسان بە واتای وشە بنیات نراوە و بە گشتی بۆ ئەو کەسانەیە کە باوەڕی مەزهەبی و خوڕافی یان بە ناتەواو یان بە جێی مەتمانە نەبوون ویان بۆ باوەڕ پێکردن نابن زانیوە .و چوار خاڵی لە خۆی گرتووە کە بریتین لە :

١- باشبوونی چۆنیەتی ژیانی ئینسان لە بواری ئابووری یەوە.

٢- زانست تەنیا کەرەسەیەکە کە ئینسان بۆ ڕزگاری دەستی وێڕادەگا.

٣- ئەوەیکە بەرژەوەندی دەچاکە کردن دایە ،جا چ دونیایەکی دی دەکار دابێ یان نەبێ.

٤- چاکەدەو دونیایەدا چاکە و ئاکامی درێژەی ئەوچاکەش هەر بەرژەوەندی یە.

سەرچاوەکان

ویکیپیدیای سویدی




Befranbar ٢٧١٣ بەفرانبار

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 |
| ٧ 28 | ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ 31 | ١١ 1 Jan | ١٢ 2 | ١٣ 3 |
| ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 | ١٨ 8 | ١٩ 9 | ٢٠ 10 |
| ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 | ٢٥ 15 | ٢٦ 16 | ٢٧ 17 |
| ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 | | | | |
| | | | | | | ڕەحمان نەقشی |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : ڕەحمان نەقشی
r_ neqsi@yahoo.ca